# سینتاكسی ڕستەی تێكەڵ



دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، گەڕەكی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ

د. کوردستان موکریانی



ناوی کتێب: سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ
دانانی: د. کوردستان موکریانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٨٧
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نادیە عەزیز مەجید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## پێشەکی

ڕستەی تێکەڵ لە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوودا پێکهاتووە، کە هەر یەکەیان ڕۆڵی دیاریکراوی سینتاکسی خۆیان هەیە. باری شوێنکەوتنی ڕستەی شوێنکەوتوو بە ڕستەی سەرەکییەوە بە کۆمەڵە هۆیەکی سینتاکسی پێوەستە، کە لە هەمووان گرنگتر ئامرازی گەیەنەرە، کە ئەم ئامرازە دەچێتە نێو پێکهێنان و داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتوو.

ڕستەی سەرەکی نێو ڕستەی تێکەڵ بەشێوەیەکی گشتی بریتی دەبێت لە ڕستەیەکی سادە. ڕستە شوێنکەوتووەکەش بەگشتی بریتی دەبێت لە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو، بەڵام هێندێک جار لە ڕستەیەک زێتر.

ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕستەی تێکەڵدا دەوری بەشەکانی ڕستەی سەرەکی دەگێڕێت، یا ڕۆڵیان زێتر ڕوون دەکاتەوە، بۆیە لەکاتی باسکردن و پێشاندانی ڕستەی تێکەڵدا پێویستە گرنگی زۆر بدرێتە لایەنی دەوری گێڕانەکەی تاوەکو بزاندرێت ڕۆڵی کامە بەشی سەرەکی دەگێڕێت وەکامەیان ڕووندەکاتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کەوا تەبایی و ڕێکەوتنی ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕستەی تێکەڵدا لەگەڵ بەشێک لە بەشەکانی ڕستەی سەرەکیدا بۆ نێزیکبوونی تایبەتێتی هەردوولا دەگەڕێتەوە.

ئەمە و هێندێک ڕستەی شوێنکەوتوو هەن، کە بۆ ڕستە سەرەکیێکە بەگشتی دەگەڕێنەوە، نەک بۆ بەشێک لە بەشەکانی.

ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕووی داڕشتنی سینتاکسی و لە ڕووی واتاوە پابەندی ڕستەی سەرەکییە. ڕستەی شوێنکەوتوو پێوەندی واتا و پێوەندی سینتاکسی ئەوەند جۆراوجۆر دەبەخشن، کە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی بەو ڕادەیە نایبەخشن.

چەند ئامرازێکی سینتاکسی هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی تێکەڵ دەکەن. ئەرکی سەرەکی ئەم ئامرازانە گەیاندن و تێکەڵکردنی ڕستەی شوێنکەوتوو





بەڕستەی سەرەکییە. شوێنی ئەم ئامرازە گەیەنەرانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەپێش ڕستەی شوێنکەوتوودا دەبێت. لەو بارانەدا، کە بلوێت ئامرازی گەیەنەر لە ڕستەی تێکەڵدا لابدرێت، ئەوا ڕستەکە تایبەتێتی سینتاکسی وەک ڕستەی تێکەڵ لە دەست دەدات و دەبێتە ڕستەیەکی لێکدراو، ئەمەش هەموو جۆرە ڕستەیەکی تێکەڵ ناگرێتەوە، چونکە لە هێندێک باری تەسکدا ڕستەی تێکەڵ بەبێ ئامرازی گەیەنەریش دادەڕێژرێت.

ئەم ئامرازە گەیەنەرانەی ژێروو هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی تێکەل دەکەن:

(کە// کو، کەوا، هەرکە، چونکە// چونکو//چونکی//چمکی، لەبەر ئەوە، ئەگەر، هەکە، ئەگەرچی، هەرچەندە، باوەکو، هەند (ە)// هێند(ە)، ئەوەندە، بەڕادەیەک).

لەزمانی کوردیدا ئەم ڕستەی شوێنکەوتووانە هەن: (ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری (نیهادی)، وشەیکاری(گوزارەیی)، ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری، دیارخەری، کاتی، هۆیی، مەرجی، پێچەوانە و پێوانە.

ڕستەی تێکەڵ لەگەڵ ئەو ڕستانەی، کە دایدەڕێژن ئەم سێ گۆشە پتەوەی ژێروو دروست دەکەن:

ڕستەی تێکەڵ

ڕستەی سەرەکی+ڕستەی شوێنکەوتوو

وەنەبێت هەردەم ، ڕستەی سەرەکی بەپێش ڕستەی شوێنکەوتوو بکەوێت، هەروەکو لەم سێ گۆشەیەی لە لاپەڕەی پێشوودا پێشاندراوە، بەڵکو باری سینتاکسی وا هەن، کە دەکەوێتە دوای ڕستەی شوێنکەوتوو.

تا نهۆ لەنێو ئەم ڕستە شوێنکەوتووانەی پێشتر نێوم بردوون، لێکۆڵینەوەی تایبەتیم لەبارەی ڕستەی شوێنکەوتووی کات، هۆ، مەرج، پێچەوانە و پێوانەدا بڵاوکردۆتەوە (کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١١،

١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨).

هەتا ئێستە بابەتی سینتاکسی هەموو جۆرە ڕستەکانی شوێنکەوتوو لەنێو ڕستەی تێکەڵدا لەگەڵ ئەوەی نەبۆتە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ. لەنێو بەرهەمەکانی ڕێزمانیشدا هەر ئاماژە بۆ هێندێک لە جۆرەکانی کراوە و یەک دوو وێنەی بەنموونە بۆ هێندراوەتەوە.

زۆربەی ئەو ڕستانەی لەنێو ئەم بەرهەمەدا لێیانم کۆڵیوەتەوە، لەنێو نووسراوی بلاوکراوەی نووسەرانی کورددا هەڵبژاردوون، چونکە نامەوێت کالای بالای ڕێزمانی ئەو زمانانەی، کە دەیانزانم بە بەر بالای زمانی کوردیدا بکەم.



## ڕستەی
## شوێنکەوتووی سەرکاری

١-١ زۆربەی ئەو ڕستە تێکەڵانەی، کە ڕستە شوێنکەوتووەکەیان سەرکارییە، سەرکارەکەی نادیارە و بەگشتیش لەکەسی سێیەمی تاکدا خۆی دەنوێنێت. زۆرجار ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری لە ڕستەی تێکەڵدا ڕۆڵی سەرکاری فرێزی ناوی ڕستەی سەرەکی دەگێڕێت، بەتایبەتی لەو بارانەی، کە لەڕستەی شوێنکەوتووشدا سەرکار نادیارە.

تەنێ ئامرازی گەیەنەری (کە) هاوبەشی داڕشتنی ئەم جۆرە ڕستە تیکەڵە دەکات و هەمیشەش دەکەوێتە پێش ڕستەی شوێنکەوتوو:

*لەوانەیە، کە بەدوامدا بگەڕێت.*

*وانەبوو، کەتۆ بناسێتەوە.*

*دوور نییە، کە بەتۆی گوتبێت.*

١-٢ لەو بارانەدا، کە سەرکارێک لە فرێزی ناوی ڕستەی سەرەکیدا بەکار بێت، هیچ گۆڕانێک بەسەر ڕستە شوێنکەوتووەکەدا نایەت و ئەوەی شایەنی باسە بەدەگمەن سەرکار لەڕستەی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێت، بەلام زۆر ئاشکرا لەنێو ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاریدا بەکاردێت:

*ژیکەڵە لەوانەیە، کە بەدوامدا بگەڕێت.*

زۆر جار سەرکاری ڕستەی سەرەکی لەنێو ڕستەی شوێنکەوتوودا خۆی دەنوێنێت و جێگەی خۆی بۆ ڕستە شوێنکەوتووەکە دەگوێزێتەوە، بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بخاتە سەر گۆڕینی واتای ڕستە تێکەڵەکە و هەروا گۆڕینی شێوەی داڕشتنی و بەکارهێنانیشی زێتر جەختکردنە لەسەر ڕۆڵی سەرکار:

*لەوانەیە، کە ژیکەڵە بەدوامدا بگەڕێت.*

١-٣ لەم ڕستانەی ژوورەوەدا (١-١) دەتواندرێت ئامرازی گەیەنەری (کە) لاببردرێت:

*لەوانەیە، بەدوامدا بگەڕێت.*

*وانەبوو، تۆ بناسێتەوە.*

*دوور نییە بەتۆی گوتبێت.*

به لابردنی ئامرازی گەیەنەر ڕستە شوێنکەوتووەکان ئەرکی سینتاکسیان لە شوێن کەوتەیی لەدەست نادەن و بەگۆڕکردنیان واهەست دەکرێت، کە ئامرازەکە ونە و ڕستە تێکەڵەکە بە یارمەتی کۆما دادەڕێژرێت، واتاو ئەرکی سینتاکسی ڕستەکان ناگۆڕێن و لەنێو نووسینی هاوچەرخدا بەکارنەهاتنی ئامرازی گەیەنەر بەرچاو دەکەوێت:

*ڕاستە، ئەو پیاوە ڕووناکبیرانە لایەنگرم بوون و دەبن (ژنی کورد بەستەم دەورە دراوە ٩).*

١-٤ ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکار لە ڕووی شوێنەوە بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکییەوە و هەرگیز ناکەوێتە پێشی هەتا لەو بارانەدا، کە ئامرازی گەیەنەری (کە) لە ڕستەکەدا لادەبردرێت.

*لەوانەیە، کە بە دوامدا بگەڕێت.*

*کە بەدوامدا بگەڕێت، لەوانەیە.

* بەدوامدا بگەڕێت، لەوانەیە.

*وانەبوو، کە تۆ بناسێتەوە.*

*کەتۆ بناسێتەوە، وانەبوو.

*تۆ بناسێتەوە وانەبوو.

لەوانەیە — کە بەدوامدا بگەڕێت

*ڕستەی سەرەکی* — *ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری*

١-٥ هێندێک جار ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکییەوە. لەم ڕستەیەی ژێرەوەدا سەرکاری ڕستەی سەرەکی





لەنێو ڕستە شوێنکەوتووەکەدا باسکراوە:

*گەورەترین کارێک، کە باسم لەم سەردەمەدا کردی، چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو (یەکێتی تێکۆشین ١٦)*

ڕستەی سەرەکی

*گەورەترین کارێک چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو*

ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکار

*کە باسم لەم سەردەمەدا کردی*

لەو بارەدا، کە سەرکار (باسم) شوێنەکەی لە ڕستەی شوێنکەوتووەوە بۆ ڕستەی سەرەکی بگوێزرێتەوە، ئەوا ڕستە شوێنکەوتووەکە وەڵامی پرسیاری (کێ) ناداتەوە. بەواتا ڕستە شوێنکەوتووەکە ئەرکی سینتاکسی خۆی، کە ڕۆڵی سەرکاری بوو لەدەست دەدات:

*باسم گەورەترین کارێک، کە لەم سەردەمەدا کردی، چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو.*

*باسم گەورەترین کارێک چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو، کە لەم سەردەمەدا کردی.*

لەیەکەم ڕستەی ژوورەوەدا ڕستە شوێنکەوتووەکە کەوتۆتە نێوان ڕستەی سەرەکی، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا کەوتۆتە کۆتایی و لەهەردوو جۆرە داڕشتندا (*کەلەو سەردەمەدا کردی*) بۆ (*کارێک*) دەگەڕێتەوە، نەک بۆ (*باسم*).

لەو بارەدا، کە(*لەم سەردەمەدا*) دەخرێتە سەر ڕستەی سەرەکی و (*باسم*) لە شوێنی ئاسایی خۆی دەمێنێتەوە، بەواتا لە ڕستەی شوێنکەوتوودا، ئەوا ڕستە شوێنکەوتووەکە (*کە باسم کردی*) ئەرکی سینتاکسی ناگۆڕێت و

هەروەکو *ڕستەی شوێنکەوتووی دەمێنێتەوە:*

*گەورەترین کارێک لەم سەردەمەدا، کە باسم کردی چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو.*

*لەم سەردەمەدا گەورەترین کارێک، کە باسم کردی، چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو.*

ئەم ڕستەی ژووروو (١-٥) بەم جۆرەی ژێرووش دادەڕێژرێت:

*باسم لەم سەردەمەدا گەورەترین کارێک، کە کردی چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو.*

لە ڕستەی ژووروودا (کە کردی) ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کارە و بۆ فرێزی ناوی- کاری ڕستەی سەرەکی دەگەڕێتەوە (٢-١).

١-٦ کاتی ڕوودانی ڕووداو لە ڕستەی سەرەکیدا و لە ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاریدا بە شێوەیەکی گشتی لە دوو کاتی جیاوازدا دەبێت:

*دوور نییە، کە بە تۆی گوتبێت.*

| | |
|---|---|
| *دوور نییە* | کاتی ڕانەبوردوو |
| *کە بەتۆی گوتبێت* | کاتی ڕابوردوو |

*وانەبوو، کە تۆ بناسێتەوە*

| | |
|---|---|
| *وانەبوو* | کاتی ڕابوردوو |
| *کە تۆ بناسێتەوە* | کاتی ڕانەبوردوو |

هێندێک جار لە یەک کاتدا ڕوودانی ڕووداوی هەردوو ڕستە ڕوو دەدات، بەڵام کەمتر بەکاردێت:

*گەورەترین کارێک، کە باسم لەو سەردەمەدا کردی، چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو.*

*گەورەترین کارێک چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو*- کاتی ڕابوردوو

چاوگێڕانەوە و ڕەخنەگرتن بوو

*کە باسم لەو کاتەدا کردی*- کاتی ڕابوردوو.



# ڕستەی
# شوێنکەوتووی وشەی کاری

٢-١ ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کاری دەگەڕێتەوە بۆ فرێزی کاری ڕستەی سەرەکی تەنێ لەو بارانەدا، کە لە کۆمەڵەی نێو+کارێک داڕێژرابێت. هەر تەنێ ئامرازی گەیەنەری (کە//کو) بەشداری داڕشتنی ئەم جۆرە ڕستەیە دەکات و بەپێش ڕستە شوێنکەوتووەکە دەکەوێت:

وەزیر *باوەڕبوو، کو ئەم چاک دزانین (دمدم ٥٠).*

*مەبەست لە دانپیانان ئەوە نییە، کە لەبەردەم ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژئاوادا واق وڕماو بین (ڕامان ٢٣).*

| | |
|---|---|
| مەبەست لە دانپیانان ئەوە نییە | ڕستەی سەرەکی |
| ئەوە نییە | وشەی کار |

کە لەبەردەم ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژئاوادا واق وڕماو بین

ڕستەی شوێنکوتووی وشەی کار

٢-٢ ئامرازی گەیەنەری (کە) لەم جۆرە ڕستە تێکەڵەدا بۆی هەیە لاببردرێت، کۆما دەتوانێت ڕۆڵی ئامرازە گەیەنەرەکە بگێڕێت، ئەگەرچی هەست بەلابردنی ئامرازەکە دەکرێت، بەڵام لەم بارەدا واتا و ڕۆڵی سینتاکسی ڕستەکان (ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری) ناگۆڕین (١-٣):

*پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە،کە چەند برادەرێک بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی ئێران (لە بیرەوەرێکانم، ١٩٨٧)*

*پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە، چەند برادەرێک بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی ئێران.*

*خۆشترین گۆرانی ئەو گۆرانییەیە، کە لەسەردەمی منداڵیدا دایکی بە لایلایە بۆی گوتووە (ژنی کورد..٨٦)*

*خۆشترین گۆرانی ئەو گۆرانییەیە، لەسەردەمی منداڵیدا دایکی بە لایلایە بۆی گوتووە.*

٢ – ٣ هەمیشە ڕستەی شوێنکەوتووی کار دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکی و هەرگیز ناکەوێتە پێشی، هەتا لەو بارەشدا، کە ئامرازی گەیەنەری (کە) لە ڕستەکە لادەدرێت (١–٤):

*شایەنی باسە، کە تائێستە گەلێک نەخشەی کوردستان لەسەر کاغەز کێشراون (یەکێتی تێکۆشین، ١٩٨٨، ١١٨)*

**کە تائێستە گەلێک نەخشەی کوردستان لەسەر کاغەز کێشراون، شایەنی باسە.*

** تائێستە گەلێک نەخشەی کوردستان لەسەر کاغەز کێشراون شایەنی باسە.*

٢ – ٤ ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کار ناکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکییەوە (١–٥):

*مرۆڤی باش ئەو کەسەیە، کە بەهاسانی دەتوانم هەناسەی لەلا بدەم.*

** مرۆڤی باش، کە بە هاسانی دەتوانم هەناسەی لەلا بدەم ئەو کەسەیە.*

٢ – ٥ کاتی ڕوودانی ڕووداو لە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کاردا لە نێو ڕستەی تێکەڵدا بۆی هەیە لە کاتی جیاوازدا بێت، وەیا ڕوودانی ڕووداوەکانیان لەهەمان کاتدا بێت.

*پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە، کە چەند برادەرێک بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران.*

| | |
|---|---|
| *پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە* | *ڕابوردوو* |
| *کەچەند برادەرێک بگەڕێنەوە* | *ڕانەبوردوو* |
| *خۆشترین گۆرانی ئەو گۆرانییەیە،* | *ڕانەبوردوو* |
| *کە لەسەردەمی* | |
| *منداڵیدا دایکی بە لایلایە بۆی گوتووە.* | |





| | |
|---|---|
| *خۆشترین گۆرانی ئەو گۆرانییەیە* | |
| *کە لەسەردەمی منداڵی دایکی* | |
| *بەلایلایە بۆی گوتووە* | ڕابوردوو |

*مرۆڤی باش ئەو کەسەیە، کە بەهاسانی دەتوانم هەناسەی لەلا بدەم.*

| | |
|---|---|
| *مرۆڤی باش ئەو کەسەیە* | ڕانەبوردوو |
| *کە بەهاسانی دەتوانم هەناسەی لەلا بدەم.* | ڕانەبوردوو |

# ڕستەی
# شوێنکەوتووی بەرکاری

٣ - ١ ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری لە ڕستەی تێکەڵدا ڕۆڵی بەرکاری ڕاستەوخۆ و تیانی ڕستەی سەرەکی دەگێڕێت، لەو بارانەدا، کە ئەم دوو جۆرە بەرکارە لە ڕستەی سەرەکیدا نادیارن. بەشێوەیەکی سەرەکی ئامرازی گەیەنەری (کە//کو) و هێندێک جاریش (کەوا) لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا بەکاردێن و دەکەونە سەرەتایەوە:

*ناڤ وان مەرێ، کو تەماشا دکرن، هەبون گەلەک کاڵ (دمدم ٣٥)*

*لە کاتی سەرەمەرگیا بە تۆی وتووە، کە دوژمنداری لەگەڵ عوسمان و بنەماڵەی نەکەن (شووشەی خوێن ٤٥).*

*ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کەوا دۆخی ئافرەتی کورد هەمیشە وەکو خەمێک لایەنێکی هۆشیان داگیرکردووم (ژنی کورد ٧).*

ڕستەی سەرەکی

*لە کاتی سەرەمەرگیا بە تۆی وتووە*

لەم ڕستەیەی ژووروودا (بەتۆ) بەرکاری تیانە و بەرکاری ڕاستەوخۆ نادیارە. ڕستە شوێنکەوتووەکە وەڵامی پرسیاری (چی وتووە؟) دەداتەوە و بە هەبوونی واتای تەواوی ڕستە تێکەڵەکە دیار دەبێت:

ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری

*کە دوژمنداری لەگەڵ عوسمان و بنەماڵەی نەکەن*

(بەر کاری ڕاستەوخۆ)

لەو ڕستە تێکەڵانەی، کە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستە سەرەکێکەدا دیارە و بەرکاری تیانی تێدا نادیارە، ئەوا ڕستە شوێنکەوتووەکەی بەرکاری ڕۆڵی





بەرکاری تیان دەگێڕێت و هەروەکو ئەم ڕستەیەی ژێروو، کە وەڵامی *(بۆچی ناردبوو؟)* دەداتەوە:

*ئەحمەد توفیق ڕۆژێک عەزیزی فەلاحی ناردبوو، کە بگەڕێمەوە بەغدا (لە بیرەوەرێکانم* ١٩٨٧ ، ٦٣)

ڕستەی سەرەکی

*ئەحمەد توفیق ڕۆژێک عەزیزی فەلاحی ناردبوو*

لەم ڕستەیەی ژووروودا (عەزیزی فەلاحی) بەرکاری ڕاستەو خۆیە، بەڵام نازاندرێت (بۆچی عەزیزی فەلاحی ناردبوو؟) یانی هێژ واتای تەواو لە ڕستە سەرەکێکەدا دەرنەبڕاوە و ئەم ڕستە شوێنکەوتووەی لەگەڵیدا هاتووە، واتایەکە تەواو دەکات و ڕۆڵی ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری (دۆخی تیان) دەگێڕێت:

ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری

*کە بگەڕێمەوە بۆ بەغدا*

*(بەرکاری تیان)*

٣-٢ ئامرازی گەیەنەری (کە) لە ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا دەتواندرێت لاببردرێت، بەبێ ئەوەی ڕۆڵی سینتاکسی و واتای ڕستە تێکەڵەکە بگۆڕێت بەڵام هەست دەکرێت، کە ئامرازەکە لاچووە:

*مرۆڤی باش ئەو کەسەیە، کە بە هاسانی دەتوانم هەناسەی لەلا بدەم.*

*مرۆڤی باش ئەو کەسەیە، بەهاسانی دەتوانم هەناسەی لەلا بدەم.*

لەنێو هێندێک نووسینی هاوچەرخدا ئەو ئامرازە گەیەنەرەی، کە لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا دێت، لابردراوە و بەکار نەهاتووە:

*بڕیارمان دا، ئەحمەد توفیق بچێتەوە بەغدا (لە بیرەوەرێکانم* ٦٢).

٣-٣ ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری ناکەوێتە پێش ڕستەی سەرەکی لەنێو ڕستەی تێکەڵدا:

*بە کەمالم گوت، کە لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانەوە دێم (لەبیرەوەرێکانم، ١٩٨٧،٦٣).*

*کە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دێم، بە کەمالم گوت.

بەڵام لەو بارەدا، کە ئامرازی گەیەنەری (کە) لەپێش ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا هەڵگیرا، ئەوا ڕستە شوێنکەوتووەکە دەتوانێت بکەوێتە سەرەتای ڕستە تێکەڵەکەوە و مەبەست لە دانانیدا لە پێش ڕستەی سەرەکیدا بۆ جەختکردنی واتای ڕستە شوێنکەوتووەکەیە، بەڵام شوێنی ڕاست و دیاری خۆی دوای ڕستەی سەرەکییە:

*لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دێم، بەکەمالم گوت.*

٣-٤ ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری ناکەوێتە نێو ڕستەی سەرەکییەوە، هەتا لەو بارانەدا، کە ئامرازی گەیەنەریش لەپێش ڕستە شوێنکەتووەکە لادەبردرێت:

* بەکەمالم، کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دێم، گوت.

* بەکەمالم، لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دێم ، گوت.

٣-٥ کاتی ڕوودانی ڕووداو لەنێو ڕستەی سەرەکی و لەنێو ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا لە کاتی جیاوازدا دەبن:

*لە کاتی سەرەمەرگیا بە تۆی وتووە، کە دوژمنداری لەگەڵ عوسمان و بنەماڵەی نەکەن.*

| | |
|---|---|
| *لەکاتی سەرەمەرگیا بەتۆی وتووە* | ڕابوردوو |
| *کە دوژمنداری لەگەڵ عوسمان و بنەماڵەی نەکەن.* | ڕانەبوردوو |



# ڕستەی
# شوێنکەوتووی دیارخەری

٤-١ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لەڕستەی تێکەڵدا لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا تێکەڵی دەکات بەوەی بۆ هەموو بەشەکانی فرێزی ناوی و بەشی زۆری فرێزی کاری دەگەڕێتەوە. لەم بارەدا و هەروا لە بەدیار خستنی ئەو بەشانەی، کە بۆیان دەگەڕێتەوە زۆر لە ئەرکی بەشی ناسەرەکی ڕستە (دیارخەر) دەچێت، بەڵام ئامرازی سینتاکسیان جیان (د. کوردستان موکریانی ١٩٩٨). ئامرازی گەیەنەری (کە//کو) دەکەوێتە پێش ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری:

ئایینی ئیسلام، وەک ئاینێکی ئاسمانی، سستێمێکی فیکری و ڕۆحی و کۆمەڵێک بۆ چوون و نەریت و دەستووری لەگەڵ خۆی هێنا، کە بە جۆرێکی پتەو تێکەڵی کولتوور و ژیانی فیکری و ڕۆحی گەلانی بە مسولمانبووی ناوچەکە بوون (ڕابوون. ژمارە٢٣).

لەم ڕستە تێکەڵەی ژووروودا (*ئایینی ئیسلام، وەک ئاینێکی ئاسمانی، سستێمێکی فیکری و ڕۆحی و کۆمەڵێک بۆچوون و نەریت و دەستووری لەگەڵ خۆی هێنا*) ڕستەی سەرەکییە.

(*کە بە جۆرێکی پتەو تێکەڵی کولتوور و ژیانی فیکری و ڕۆحی گەلانی بە مسولمانبووی ناوچەکە بوون*) ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەرییە، کە بۆ (*سستێمێک*) دەگەڕێتەوە.

(*سستێمێک*) بەرکاری ڕستەی سەرەکییە.

(*فیکری و ڕۆحی وکۆمەڵێک بۆچوون و نەریت و دەستووری*) زنجیرەیەک دیارخەرن بۆ (سستێمێک). وا دیارە ئەم زنجیرە دیارخەرە نەیتوانیوە جۆری (سستێمێک) بەدیار بخات، بۆیە نووسەر پەنای بردۆتە بەر ڕستەی شوێنکەوتوو، کە ئەویش وەکو زنجیرە دیارخەرەکە ئەرکی دیارخەری دەگێڕێت. لەم ڕستەیەی ژووروودا دەکرێت زنجیرە دیارخەرەکە لاببردرێت و

بەم جۆرە کورتبکرێتەوە:

*(ئاییینی ئیسلام سستێمێکی لەگەڵ خۆی هێنا).*

ئەم ڕستە کورتکراوەیە پێویستی بە ڕستەیەکی شوێنکەوتووی دیارخەری هەیە بۆ ئەوەی جۆری (سستێمێکی) ڕوونبکاتەوە، بەڵام هەمان پێویستی بە هەبوونی زنجیرە دیارخەرەکە نییە.

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە نێو فرێزی ناویدا بۆ (سەرکار)ی ڕستەی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

*(ناتەلی)، کە خوێندکاری زانکۆیە، بەشەوان کاردەکات.*

*لێ (میڤانا)، کو نان دخوار، کوتادکر* (دمدم ٦٨)

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لەم ڕستەیەی ژێروودا بۆ بەشی ناوی فرێزی کاری دەگەڕێتەوە:

*ڕۆژەکی جیناریێ مە - ئاقۆیێ خالٌت، کو بریگادێری کەڵخۆزی بو..* (دەستی دێ ٢٧).

٤-٢ ئامرازی گەیەنەری (کە) کە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەرییەوە، دەتواندرێت لەو بارانەدا لابردرێت، کە ڕستە شوێنکەوتووەکە بۆ (سەرکار)ی ڕستەی سەرەکی دەگەڕێتەوە، بەبێ ئەوەی باری سینتاکسی لەدەست بدات و واتاکەی بگۆڕێت:

*ئەو، کە هەموو کەسی من بوو، لە کاتی تەنگانەدا بەهانام نەهات.*

*ئەو، هەموو کەسی من بوو، لە کاتی تەنگانەدا بەهانام نەهات.*

هێندێک جار ئامرازی خستنە سەر دەتوانێت ڕۆڵی ئامرازی گەیەنەری (کە) بگێڕێت:

*بە درێژایی ژیانی خۆی گوێی نەئەدایە دیمەنی ئەوانەی، بەڕێگەدا هاتوو چۆیان ئەکرد.*

لەم ڕستەیەی ژوورەوەدا هەتا لەو بارەشدا، کە ئامرازی خستنەسەری (-ی) بەکارهاتووە، دەتواندرێت ئامرازی گەیەنەری (کە)شی لەگەڵدا بەکار بێت:





*بەدرێژایی ژیانی خۆی گوێی نەئەدایە دیمەنی ئەوانەی، کە بەڕێگەدا هاتوو چۆیان ئەکرد.*

٤-٣ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری هەرگیز ناکەوێتە سەرەتای ڕستەی تێکەڵەوە، بەواتا بەپێش ڕستەی سەرەکی ناکەوێت، هەتا لەو بارانەش، کە ئامرازی گەیەنەری لەگەڵدا بەکار نەهاتبێت:

*لەخواریشیەوە فنکەفنک و ناڵەی ئۆتومبیلە خەرەکە شکاوەکە ئەهات، کەهەموو ڕۆژ ئەو ڕێگایەی ئەبڕی* (١٠ چیرۆک ١٠٥).

**کە هەموو ڕۆژ ئەو ڕێگایەی ئەبڕی، لە خواریشەوە فنکەفنک و ناڵەی خەرەکە شکاوەکە ئەهات.*

ڕستەی سەرەکی

*لە خواریشیەوە فنکەفنک و ناڵەی*
*خەرەکە شکاوەکە ئەهات*

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری

*کەهەموو ڕۆژ ئەو ڕێگایەی ئەبڕی*

٤-٤ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکییەوە:

*یەکێک لەو بابەتە سەختانەی، کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەدۆزی کوردەوە هەیە، سنووری کوردستانە* (یەکێتی تێکۆشین ١٩٨٨، ١١٨).

ڕستەی سەرەکی

*یەکێک لەو بابەتە سەختانە سنووری کوردستانە*

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری

*کەپێوەندی ڕاستەوخۆی بەدۆزی کوردەوە هەیە*

لەم ڕستەیەی ژووروودا ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری کەوتۆتە نێوان ڕستەی سەرەکی. ڕستە شوێنکەوتووەکە دەتوانێت بکەوێتە کۆتایی ڕستە سەرەکێکە و لەو بارەدا ئەو ئامرازە خستنە سەرەی (- ی) کە بەکۆتایی (سەختانە)وە لکاوە لەنێو دەچێت، بەڵام هەرگیز ڕستە شوێنکەوتووەکە ناکەوێتە پێشی هەتا لەو بارانەدا، کە ئامرازی گەیەنەری (کە) لادەبردرێت:

*یەکێک لەو بابەتە سەختانە سنووری کوردستانە، کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە دۆزی کوردەوە هەیە.*

**کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە دۆزی کوردەوە هەیە، یەکێک لەو بابەتە سەختانە سنووری کوردستانە.*

** پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە دۆزی کوردەوە هەیە، یەکێک لەو بابەتە سەختانە سنووری کوردستانە.*

٤-٥ هێندێک جار لە ڕستەی تێکەڵدا دوو ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بەدوای یەکدا دێن و زنجیرەیەک ڕستەی دیارخەری دادەڕێژن.

لەم ڕستەیەی ژێروودا ڕستەی یەکەمی شوێنکەوتووی دیارخەری بۆ (دیارخەری) ڕستەی سەرەکی و ڕستەی دووەمی شوێنکەوتووی دیارخەری بۆ (دیارخەری) ڕستەی یەکەمی شوێنکەوتووی دیارخەری دەگەڕێتەوە، نەک بۆ بەشێک لە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی:

*بەزۆری ئەو نووسراوانەی ئەخوێندەوە، کە نێررابوو بۆ ئەو مرۆڤە ناودارانەی، کە ماوەیەکی کەم لەوەبەر ڕوتبەی گرنگیان درابوویە (پاڵتۆ١٢)*





ڕستەی سەرەکی

*بەزۆری ئەو نووسراوانەی ئەخوێندەوە*

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری(١)

*کەنێررابوو بۆ ئەو مرۆڤە ناودارانەی*

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری(٢)

*کە ماوەیەکی کەم لەوەبەر ڕوتبەی گرنگیان درابوویە*

٤ - ٦ کاتی ڕوودانی ڕووداو لەم جۆرە ڕستە تێکەڵەدا چۆن بۆی هەیە کاتەکە هاوکات بێت، ئاواش بۆی هەیە لەکاتی جیاوازیش دابێت:

*لە وتارێکدا، کە بەتایبەتی لەسەر کۆڕی زانیاریم نووسیوە، باسی ئەوەم کردووە.*

ڕستەی سەرەکی

*لەووتارێکدا باسی ئەوەم (کردووە)*

(کاتی ڕابوردوو)

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری

*کە بەتایبەتی لەسەر کۆڕی زانیاریم (نووسیوە)*

(کاتی ڕابوردوو)

*لەکاتی سەرەمەرگیا بەتۆی وتووە، کە دژمنداری لەگەڵ عوسمان و بنەماڵەی نەکەن.*

ڕستەی سەرەکی

*لەکاتی سەرەمەرگیا بەتۆی (وتووە)*

(کاتی ڕابوردوو)

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری

*کە دوژمنداری لەگەڵ عوسمان و بنەماڵەی (نەکەن)*

(کاتی نەڕابوردوو)



## ڕستەی
## شوێنکەوتووی کاتی

٥-١ ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی لە ڕستەی تێکەڵدا کاتی ڕوودانی ڕووداوی فریزی کاری بەدیار دەخات، لە کاتێکدا، کە لە ڕستە سەرەکییەکەدا ئاوەڵووشەی کاری - کات بەکار هاتبێت وەیا بەکار نەهاتبێت.

*کە من هاتمە ماڵەوە، مینەواس نوستبوو.*

| ڕستەی سەرەکی | ڕستەی شوێنکەوتوی کاتی |
|---|---|
| *مینەواس نوستبوو،* | *کە من هاتمە ماڵەوە.* |

ئەگەرچی کاتی نووستنی (مینەواس) بە ڕستەیەکی شوێنکەوتووی کاتی ڕوونکراوەتەوە (*کە من هاتمە ماڵەوە*) بەڵام هێژ کاتی (*هاتنە ماڵەوە*) نازاندرێت بەتەواوی کەی بووە (٥-٢).

ئامرازی گەیەنەری (کە) بەشێوەیەکی سەرەکی هاوبەشی دارشتنی ئەم جۆرە ڕستەیە دەکات و لە هەمان کاتدا هێندێک جار لە شێوەی (هەرکە)دا، خۆی دەنوێنیت، کە هەمان ڕۆڵی سینتاکسی دەگێڕێت، بەڵام بەکارهاتنی لەچاو ئامرازی (کە)دا لەم بارەدا کەمترە و بەهەردوویان وەڵامی پرسیاری (کەی) دەدەنەوە:

*کە خۆر هەڵات، هەموو بەرەو کار بەرێکەوتن.*

*هەرکە دەگەیشتیە گۆڕەپانی یاری، گۆڵیان بۆ چۆل دەکردی (کاروان - ژمارە ٢٤ - ل٦٧).*

لەدیالێکتی کرمانجی ژووروودا ئامرازی (کو)، هاوبەشی دارشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی دەکات و ئەویش هەروەکو ئامرازی (کە) دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی:

*وەختی، کو ئەز هاتم گوند، من تو دیتی (زمانی کوردی ٧٢).*

٥-٢ لەزمانی کوردیدا هێندێک نێوی کات هەن، لەنێو ڕستەی سەرەکیدا بەکاردێن، و هەمیشەش دەکەونە پێش ئامرازی گەیەنەری (کە).

لەم ڕستانەی ژێرەوەدا *(ئەمڕۆ، بەیانی، ئێوارە، لەپاش ئەوەی، لەدوای ئەوەی، کاتێ، لەوکاتەی، کاتێک، وەختی...)* بەجۆرێک تێکەڵاوی ئامرازی گەیەنەری (کە) بوون، وەکو بڵێیت بەشێکن لە ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی، بەڵام لەڕاستیدا بەشێکن لە ڕستەی سەرەکی و دەکرێن لابیردرێن و بەبێ ئەوەی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکان (ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی) بگۆڕێن:

*ئەمڕۆ، کە هاتە ژوورەوە وەکو هەموو ڕۆژێک بە زەردەخەنەیەکەوە سەری هەڵبڕی (ژنی کورد...١٢).*

*کەهاتە ژوورەوە وەکو هەموو ڕۆژێک بە زەردەخەنەیەکەوە سەری هەڵبڕی.*

*بەیانی، کە چوومە خوێندنگە، کەسم لەڕێگە نەدی.*

*کە چوومە خوێندنگە، کەسم لەڕێگە نەدی.*

*لە پاش ئەوەی، کە باوکی نەما، خۆی کاروبارەکەی بەڕێوەبرد.*

*کە باوکی نەما، خۆی کاروبارەکەی بەڕێوەبرد.*

*لە دوای ئەوەی، کە تاریکایی داهات، منداڵەکان نووستن.*

*کە تاریکایی داهات، منداڵەکان نووستن.*

*کاتێ، کەچاوم کردەوە، باوکمم بەرامبەر خۆم بینی(کاروان ژمارە ٢٤ . ل٧٣)*

*کەچاوم کردەوە، باوکمم بەرامبەر خۆم بینی.*

*لەو کاتەی، کەبەلای ماڵیاندا تێپەڕیم، دایکی لەبەر دەرگە وەستابوو.*

*کە بەلای ماڵیاندا تێپەڕیم، دایکی لەبەر دەرگە وەستابوو.*

*شایانی باسە کاتێک، کە خوێندکار بووم، لە زانستگەی بەغدا فیزیک و ماتماتیکم دەخوێند (دڵانپار، ژمارە ٣و٤ ل ٤٨، ١٩٩٦)*

*شایەنی باسە، کە خوێندکار بووم، لەزانستگەی بەغدا فیزیک و ماتماتیکم*





*دەخوێند.*

*وەختی، کو ئەز هاتم گوند، من تو دیتی.*

*کو ئەز هاتم گوندی، من تو دیتی.*

٥-٣ ئامرازی گەیەنەری(کە) هەمیشە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی. بەلابردنی ئەم ئامرازە ڕستە شوێنکەوتووەکە ڕۆڵی سینتاکسی شوێنکەوتوویی ناگێڕێت و دەبێتە ڕستەیەکی سادە و لەگەڵ ڕستە سەرەکییەکەدا بەهۆی کۆماوە ڕستەیەکی لێکدراوی پێوەست دادەڕێژن:

*هەرکە دەگەیشتیە گۆڕەپانی یاری، گۆڵیان بۆ چۆل دەکردی.*

*دەگەیشتیە گۆڕەپانی یاری گۆڵیان بۆ چۆل دەکردی.*

*مانگی جۆزەردان تازە بەنیوە ببوو، کە جووتە منارەکەی مزگەوتی گەورە بوونە ئامێژەنی لێکدانەوەکەت (کاروان، ژمارە ٢٤ . ل.٦٣)*

*مانگی جۆزەردان تازە بە نیوە ببوو، جووتە منارەکەی مزگەوتی گەورە بوونە ئامێژەیی لێکدانەوەکانت.*

*ئێوارە، کە باران دایدا، ژوورەکە دڵۆپەی کرد.*

*ئیوارە باران دایدا، ژوورەکە دڵۆپەی کرد.*

٥-٤ ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی لەڕووی شوێنەوە تاکە جێگەیەکی دیاریکراوی لە ڕستەی تێکەڵدا نییە، بەڵکو لەپێش، لەپاش و هەروا لەنێو بەشەکانی ڕستەی سەرەکیش دەبیندرێت.

١- ڕستەی شوێنکەوتوو لە سەرەتای ڕستەی تێکەڵدا:

*کە بەهار داهات، دار و دەوەن دەبووژێنەوە.*

*کەبەهار داهات*

ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی

*دار و دەوەن دەبووژێتەوە*

ڕستەی سەرەکی

٢- ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی لە دوای ڕستەی سەرەکیدا:

*هەستی بەدڵنیاییکرد، هەرکە نامەکەی خوێندەوە.*

*هەستی بەدڵنیاییکرد*

ڕستەی سەرەکی

*هەرکەنامەکەی خوێندەوە*

ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی

٣- ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکی لە ڕستەی تێکەڵدا:

*شەڤەکی ژ شەڤێن هاڤینی، کو تاڤا هەیڤێ دول و نهالێن کوردستانێ روهن کربون... سلکویێ تەنگاڤ بو (ڕۆژنامەی عیراق ١٧).*

*هێندێک ڕۆژ، کە بێکار دەبووم دەچوومە ماڵی کاک سەعید و لەگەڵ ئامین قسەی خۆشمان دەکرد (لە بیرەوەرێکانم ٦٤).*

*قوتابی، کە دەگەیشتە پۆلی پێنج و شەش بەچاوێکی تایبەتی سەیر دەکرا (ڕۆشنبیری نوێ - ژمارە ١٠٩ ل ٢٩٦)*

*قوتابی بە چاوێکی تایبەتی سەیر دەکرا*

ڕستەی سەرەکی





کە دەگەیشتە پۆلی پێنج و شەش

*ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی*

٥ - ٥ کاتی ڕوودانی ڕووداو لە ڕستەی شوێنکەوتوو و لە ڕستەی سەرەکیدا دوو جۆرە:

١- ڕستەی تێکەڵ و ڕووداوی یەک کاتی

مەبەست لەو جۆرە ڕستەیە ئەوەیە، کە ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی لەیەک کاتدا ڕوویداوە وەیا ڕوو دەدات:

*هێندێک ڕۆژ، کە بێکار دەبووم، دەچوومە ماڵی کاک سەعید و لەگەڵ ئامین قسەی خۆشمان دەکرد (لەبیرەوەرێکانم ٦٤).*

*خوشکە دە ساڵییەکەت لەبەر هەیوان بوو، هەرکە تۆ بڕیاری چوونە لای باپیرەت دا (کاروان ٢٤، ٦٦).*

*ژنەکە لەو کاتەدا، کە لەسەر کورسییەکە هەڵدەستا، گوتی (گێلە پیاو ١٠١).*

ڕستەی سەرەکی

*ژنەکە لەو کاتەدا گوتی*

ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی

*کە لەسەر کورسییەکە هەڵدەستا*

٢- ڕستەی تێکەڵ و ڕووداوی دوو کاتی

ئەو ڕستەیە دەگرێتەوە، کە ڕوودانی ڕووداوی نێو ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی لە دوو کاتی جیاوازدا ڕوویانداوە:

*هەرکە ئێوارە هات، دارستانەکەی جێهێشت.*

*هەرکە ڕەشەبای سەختی سلەیمانی هەڵیدەکرد، بیرم دەکردەوە، تا کەی ئەم وزەیە بەبێ سوود بڕوات.*

*نیوەڕۆ، کە هاتەوە، ویستی تۆ بەرێتەوە (فریشتەکانی سەرزەمین ٦٤).*

ڕستەی سەرەکی

*نیوەڕۆ ویستی تۆ بەرێتەوە*

ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی

*کەهاتەوە*

لەم ڕستانەی ژوورەوەدا ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی بەر لە ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی ڕوویداوە.

هێندێک جار وا ڕێکدەکەوێت، کە ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی بەر لە ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتوو ڕوو بدات، ئەم بارە بەزۆری لەو کاتانەدا دەبێت، کە دەمکاتی ڕوودانی ڕستەی شوێنکەوتوو ڕانەبوردووە:

*بڕیارم دا لە پێش ئەوەی بچمە نێو شار، سەرێک لە ئاکۆ بدەم.*

ڕستەی سەرەکی

*بڕیارم دا، سەرێک لە ئاکۆ بدەم*

ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی

*لەپێش ئەوەی بچمە نێو شار*





وشەی نێوی وەک (*بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە، شەو...*) لەنێو ڕستەی سەرەکیدا زۆر جار بەکاردێن، ئەم وشانە واتای کات دەبەخشن:

*شەو، کە تۆ هاتی، کار لەکار ترازابوو.*

لەنێو ڕستەی سەرەکی (*شەو کار لەکار ترازابوو*) وشەی (*شەو*) کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی دەستنیشان دەکات، بەڵام ڕستە شوێنکەوتووەکە زێتر ڕووندەکاتەوە بەوەی، کە دەڵێت: (*کە تۆ هاتی*).

# ڕستەی

# شوێنکەوتووی هۆیی

٦-١ ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی لەڕستەی تێکەڵدا هۆی ڕوودانی ڕووداوی نێو ڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە و وەڵامی پرسیاری *(بۆ، بۆیە، لەبەرچی)* دەداتەوە.

لەزمانی کوردیدا ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی لە نووسین و لە کسەکردندا زۆر بەکاردێت. لەو ئامرازە گەیەنەرانەی، کە ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بە ڕستەی سەرەکییەوە دەبەستێتەوە ئامرازی گەیەنەری «چونکە//چونکو//چونکی//چمکی، لەبەر ئەوەی (کە)» بەکاردێن.

ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی وەکو هەموو جۆرەکانی دی ڕستەی شوێنکەوتوو لەڕووی دارشتنی سینتاکسییەوە هەرگیز بەتەنیا بە کار نایەت و لەڕووی واتاوەش بەبێ ڕستەی سەرەکی ناتەواو دەبێت، چونکە ماناکەی تەواوکاری مانای ڕستەی سەرەکییە:

*پێم مەڵێ میمکە، پێم بڵێ پوورێ*، چونکە *هێشتا نەبووم بە میمک (شار ٤٨)*.

*(پێم مەڵێ میمکە، پێم بڵێ پوورێ)*- ڕستەی سەرەکی نێو ڕستەی تێکەڵە، کە لە ڕووی دارشتنەوە ڕستەیەکی لێکدراوی پێوەستە و بەیارمەتی ئامرازی (و) لێکدراوە. هۆی دەربڕانی ڕستە سەرەکێکە لە ڕستە شوێنکەوتووەکەدا ئاشکرا دەبێت: *(چونکە هێشتا نەبووم بەمیمک)*.

٦-٢ ئامرازی گەیەنەری *(چونکە//چونکو// چونکی، چمکی)* لە نووسین و لە کسەکردندا بە شێوەیەکی گشتی فراوانتر بە کاردێت لە چاو ئەو ئامرازانەی دی، کە بەشداری لە دارشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی دەکەن. ئەم ئامرازە هەمیشە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی.





*دەرگاکە ئەوەندە سەوز و جوان بوو، نەیوێرا بەدەست لێیدا*، چونکە دەستی *ڕەش و دووکەڵاوی بوو (پێکەنینی گەدا ٢٠)*

*سەری لەکاری خوڵای سوڕما*، چونکو *پیاوەتی و جوامێری و ئازایی و زیرەکی کوردی لەلا لە ڕۆژ ئاشکراتر بوو (بەسەرهاتی داماو- دەستنووسە)*

*من نەڤێت دلێ وان ژ مە بمینیت*، چونکی *خۆش مرۆڤن (خان و مان ١٥)*

*من گلەییێد تە فام نەکر*، چمکی *من باش نەبهیست (زمانێ کوردی ٧)*

ئامرازی گەیەنەری «*لەبەر ئەوەی (کە)*» هەمان دەوری سینتاکسی ئامرازی گەیەنەری (چونکە//چونکو//چونکی) دەگێڕێت و دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی، بەڵام لەڕووی بەکارهاتنەوە چ لەزمانی نووسین و چ لە زمانی کسەکردندا لەچاو ئامرازای (چونکە و..) کەمتر بەکاردێت:

*لەبەر ئەوەی خانزاد کارمەند بوو*، *چاوی لەدەستی باوکی منداڵەکانی نەبوو (ژنی کورد بەستەم.، ٩٨)*

*لەبەر ئەوەی کە تاریکی داهات*، *چرای ژوورەکانی داگیرساند.*

گەر ئامرازی گەیەنەری ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی لە ڕستەدا لابچێت، ئەوا دارشتنی سینتاکسی وەک ڕستەیەکی تێکەڵ تێک دەچێت، دەبێتە ڕستەیەکی لێکدراو و هەروا لە ڕووی ماناوەش بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی لاوازتر و کزتر دەردەبڕێت.

*پیاوەکە ناوی دەنێین ڕۆژ*، چونکە *ئێمە ڕۆژمان نەدیوە (شووشەیێ خوێن ٥)*

*پیاوەکە ناوی دەنێین ڕۆژ، ئێمە ڕۆژمان نەدیوە.*

*دڵم لەو قسەیە داخورپا*، چونکە *وامزانی لە ناوچووە (فریشتەکانی سەر زەمین ٢٥)*

*دڵم لەو قسەیا داخورپا، وامزانی لەناو چووە.*

*لەبەر ئەوەی بێکار بوو، هەمیشە پەستبوو.*

*بێکار بوو، هەمیشە پەستبوو.*

**٦-٣** شوێنی ئەو ڕستە شوێنکەوتووە هۆییەی، کە بەیارمەتی ئامرازانی *(چونکە و..)* داڕێژراون دەکەونە دوای ڕستەی سەرەکییەوە و هەرگیز ناکەونە پێشی:

*ئەم ئەو ساتە لە دڵی خۆیدا بەم قسەیەی باوکی نەدەوت ئامین، چونکە بە دەستییەوە مارانگاز بوو (شار ٦٧).*

* *چونکە بە دەستییەوە مارانگاز بوو، ئەم ئەو ساتە لە دڵی خۆیدا بەم قسەیەی باوکی نەدەوت ئامین.*

شوێنی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی، کە بە یارمەتی ئامرازی گەیەنەری (چونکە و..) داڕێژراوە، هێندێک جار دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکی و هەبوونیشی لەم شوێنەدا بۆ زێتر جەختکردنە بۆ سەر ڕۆڵی سەرکارەکە لە ڕووداوەکەدا:

*تۆش، چونکە وەکو ئەو بێ ویژدان و بێ بەزەییت، بە قسەت کرد (شار ٨١).*

*تۆش بەقسەت کرد، چونکە وەکو ئەو بێ ویژدان و بێ بەزەییت.*

شوێنی ئەو ڕستە شوێنکەوتووە هۆییەی، کە بەیارمەتی ئامرازی «*لەبەر ئەوەی* (کە)»دا داڕێژراوە، هەمیشە دەکەوێتە پێش ڕستەی سەرەکی یانی بەپێچەوانەی ئەو ڕستە شوێنکەوتووانەی هۆیی، کە بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەری (چونکە و..) داڕێژراون:

*لەبەر ئەوەی تازە ڕووی لە ئەوروپا کردبوو، ئەوروپایی باش نەدەناسی.*

*لەبەر ئەوەی ئاسمانی ئەوروپا بەزۆری ڕەنگی خۆڵەمێشییە، دووچاری دڵتەنگی بووە.*

**٦ - ٤** گەر هەوڵی ئاڵوگۆڕکردنی ئامرازی گەیەنەری(*چونکە و..*) بەئامرازی گەیەنەری (*لەبەر ئەوەی*) بدرێت، ئەوا ڕستە شوێنکەوتووەکەی هۆییش جێگۆڕکێ دەبێت.





*پێم مەڵێ میمکە پێم بڵێ پووریێ، چونکە هێشتا نەبووم بە میمک.*

*لەبەر ئەوەی هێشتا نەبووم بە میمک ، پێم مەڵێ میمکە پێم بڵێ پووریێ.*

**٦-٥** هێندێک جار ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بەتەنیا لەڕستەی تێکەڵدا نایەت، بەڵکو ڕستەی شوێنکەوتووی جۆرەکانی دی لەگەڵدا دێت و بەم جۆرە زنجیرەیەک ڕستەی شوێنکەوتوو لە یەک ڕستەی تێکەڵدا پێکدەهێنن. ئەوەی لەم جۆرە ڕستە تێکەڵانەدا سرنجڕاکێشە ئەوەیە، کە ڕستە شوێنکەوتووەکان هەر خۆیان تەنیا بەواتا تاکەتاکە لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا واتای ڕستە سەرەکێکە تەواو ناکەن، بەڵکو تێکڕای ڕستە شوێنکەوتووەکان واتای تەواوی پێدەبەخشن و زێتر ڕوونی دەکەنەوە (٤-٥).

من زۆر مەمنوونی ئەو کەسەم، کە تێیگەیانەم ئێوە دایک و باوکی ڕاستەقینەی من نین، چونکە تا ئێستا هەرچییەکتان بۆ من کردبێت هیچ منەتم لێ نەزانیبوون، چونکە دایک و باوک هەرچییەکی بۆ منداڵی خۆی بکات پێویستی سەرشانێتی و مینەتی نییە (فریشتەکانی سەر زەمین٦٠)

ڕستەی سەرەکی

*من زۆر مەمنوونی ئەو کەسەم*

ڕستەی شوێنکەوتووی وشەیکاری

کە تێیگەیاندم ئێوە دایک و
باوکی ڕاستەقینەی من نین

ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی(١)

*چونکە تا ئێستا هەرچییەکتان بۆ من*
*کردبێت هیچ مینەتم لێ نەزانیبوون*

ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی(٢)

*چونکە دایک و باوک هەرچی بۆ منالّی خۆی*
*بکات پێویستی سەرشانێتی و مینەتی نییە*

لەم ڕستە تێکەڵەی ژوورەوەدا ڕستەی شوێنکەوتووی وشەیکار دەگەڕێتەوە بۆ فرێزی کاری ڕستەی سەرەکی، ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی ژمارە(١) دەگەڕێتەوە بۆ بەشی ناوی فرێزی کاری ڕستەی شوێنکەوتووی وشەیکاری و ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی ژمارە(٢) دەگەڕێتەوە بۆ فرێزی کاری ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی ژمارە(١).

هەتا لەو بارانەدا، کە ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەری (*لەبەرئەوەی*) داڕێژراوە، لەنێو ڕستەی تێکەڵدا ناتوانێت بەتەنێ هۆی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی ڕوونبکاتەوە و لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی جۆری دیدا زنجیرەیەک ڕستەی شوێنکەوتوو دادەڕێژن:

*کاربەدەستانی خەستەخانەکە وایان بەپێویست زانی، کە بەزووترین کات کوڕەکەی بۆ ئامادە بکەن، لەبەر ئەوە ئوتومبیلێکی تایبەتییان نارد بەشوێن کوڕەکەیدا (فریشتە کانی سەر زەمین ٥)*

ڕستەی سەرەکی

*کاربەدەستانی خەستەخانەکە*
*وایان بەپێویست زانی*





ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری

*کە بەزووترین کات کوڕەکەی بۆ ئامادە بکەن*

ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی

*لەبەر ئەوە ئوتومبیلێکی تایبەتییان*
*نارد بە شوێن کوڕەکەیدا*

لەم ڕستەیەی ژوورەوەدا ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری جێگەی بەرکاری ڕستەی سەرەکی گرتۆتەوە و بۆ فرێزی کاری ڕستە سەرەکێکە دەگەڕێتەوە، ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بۆ فرێزی کاری ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری دەگەڕێتەوە و ئەم زنجیرەیەش وەکو زنجیرەی پێشوو هەر ڕستەیەکی پابەندی ڕستەکەی پێش خۆیەتی.

٦ – ٦ بەشێوەیەکی گشتی کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بەپێش کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی دەکەوێت، بەڵام هێندێک جار ڕووداوی هەر دوو ڕستەکە – شوێنکەوتووی هۆیی و ڕستەی سەرەکی لە یەک کاتدا دەبن. بە دەگمەن ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی پێش ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی ڕوویداوە وەیا ڕوو دەدرێت:

بەهار چونکە مارانگاز بوو، لە خشەی مار دەترسا.

| | |
|---|---|
| *بەهار لە خشەی مار (دەترسا)* | کاتی ڕانەبوردوو |
| چونکە *مارانگاز (بوو)* | کاتی ڕابوردوو |

ئازاد چونکە باوەڕ بە خۆ بوو، لە خوێندندا سەرکەوتوو بوو.

| | |
|---|---|
| *ئازاد لە خوێندندا سەرکەوتوو(بوو)* | کاتی ڕابوردوو |

| | |
|---|---|
| چونکە *باوەڕ بە خۆ (بوو).* | کاتی ڕابوردوو |

ژیکەڵە بەیانی زوو بەڕێ کەوت، چونکە کارێکی زۆری هەیە.

| | |
|---|---|
| ژیکەڵە *بەیانی زوو (بەڕێکەوت)* | کاتی ڕابوردوو |
| چونکە *کارێکی زۆری (هەیە)* | کاتی ڕانەبوردوو |



## ڕستەی
## شوێنکەوتووی مەرج

٧-١ ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج لەنێو ڕستەی تێکەڵدا مەرجی ڕوودانی ڕووداو و دیاردە ڕووندەکاتەوە. ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج واتای ئەو مەرجە دەبەخشێت، کە ڕووداوەکە لە نێو ڕستەی سەرەکیدا ڕوودراوە وەیا لە داهاتوودا ڕوودەدرێت، یان گەرەک بوو ڕووبدرێت.

ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج وەکو هەموو جۆرەکانی دی ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕووی پێکهاتنی سینتاکسییەوە و لەڕووی واتاوەش هەرگیز بەتەنیا بەکار نایەت، چونکە واتاکەی ناتەواوە و داڕشتنە سینتاکسییەکەشی نیوە چڵە، بۆیە بەندیواری بەتینی بەڕستەی سەرەکی نێو ڕستەی تێکەڵەوە هەیە.

*(ئەگەر ماڵت لە شووشە بوو)*

ئەم ڕستەیەی ژوورەوە چاوەڕێی وەڵامی (ئەگەر) دەکات، هەروا لە ڕووی داڕشتنەوە پێویستی بە تەواوکردنە، بۆیە ئەم ڕستەیەی ژێرەوە ئەم دوو لایەنەی بۆ پڕ دەکاتەوە:

*(ماڵی خەڵکی بەردە باران مەکە)*

بەهەبوونی هەردوویان لەڕووی داڕشتنی سینتاکسییەوە ڕستەیەکی تێکەڵیان پێکهێنا و لە ڕووی واتاوەش یەک تەواوکاری یەکن.

ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج لەنێو ڕستەی تێکەڵدا بۆ هەموو ڕستە سەرەکیێکە دەگەڕێتەوە، نەک بۆ بەشێک لە بەشەکانی.

٧-٢ ئامرازی گەیەنەری سینتاکسی نێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە «*(ئە) گەر// هەکە(ر)*»، کە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج، هەروا هێندێک ئامرزای دیش هەن، کە هاوبەشی پێکهێنانی ئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووە دەکەن، بەڵام لە چاو ئامرازی (ئەگەر) بەڕادەیەکی کەمتر بەکاردێن.

*ئەگەر بەرە بە تۆز نەبێت، ساحێبی داینا وەشێنێت (پەندی کوردی ٣٤)*

*ئەگەر زلکەک لڤی، ئەڤە ئەو یاریکەر کەت (یارێیت کوردی ٦٠)*

*گەر زانیت ئەزم، گەر نەتزانی دزم.*

*هەکەر پێ حەسا، هەڤرکێ وی دێ کەڤیت، هەکەر پێ نەحەسا ئەو بخوە دێ کەڤیت (یارێیت کوردی ٧٤).*

*هەکە چ ئەندام ژ تیپەکێ نەمان، ئەڤە ئەو تیپ نەشیا هەڤرک یارێیدا (یارێیت کوردی ١٣٥)*

| ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج | ڕستەی سەرەکی |
| --- | --- |
| ئەگەر بەرە بەتۆز نەبێت | ساحێبی داینا وەشێنێت |
| ئەگەر زلکەک لڤی | ئەڤە ئەو یاریکەر کەت |
| گەر زانیت، گەر نەتزانی | ئەزم، دزم |
| هەرکە پێ حەسا | هەڤرکێ وی دێ کەڤیت |
| هەکە چ ئەندام ژ تیپەکی | ئەڤە ئەو تیپ نەشیا |
| نەمان | هەڤرک د یارێیدا |

ئامرازی گەیەنەری (کە) دەتوانێت ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج دابڕێژێت و دەکەوێتە سەرەتایەوە:

*کە خەون ڕاست بی، چ نایەتە دی (پەندی کوردی ٥٩)*

*کە گەورە نەمان، بچووک زوو لە ناو دەچن و خۆ ڕاناگرن (پەندی کوردی ٣٤)*

ئامرازی گەیەنەری «هەر (کە)» ش هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج دەکات، بەڵام کەم بەکار دێت.

*هەرکە تیشکێکی ڕووناکیت بەدیکرد، خۆرمان لێهەڵدێت.*

ئەم ڕستەی پێشوو بۆی هەیە کاتیش پێشان بدات، چونکە دەتوانێت وەڵامی پرسیاری (کەی) بداتەوە،





بەڵام لە هەمان کاتدا دەتواندرێت (هەرکە) بەئامرازی گەیەنەری (ئەگەر) ئاڵوگۆڕ بکرێت و هەمان ئەرک و هەمان واتاش ببەخشێت:

*ئەگەر تیشکێکی ڕووناکیت بەدیکرد، خۆرمان لێهەڵدێت.*

٧ - ٣ ئامرازی گەیەنەری ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی بۆی هەیە لە ڕستەدا لاببرێت، بەڵام ئەوسا لەڕووی داڕشتنەوە دەبێتە ڕستەیەکی لێکدراوی پێوەست، کە بە یارمەتی کۆماوە لێکدراون، هەروا واتای مەرجیشی لەنێو دەچێت، چونکە ئامرازی گەیەنەری مەرجی لێ هەڵگیراوە:

*ئەگەر ئافرەت سەرچاوەی خورپەی دڵ نەبا، هیگۆ نەیدەتوانی لەسەر یەک تەل سازلێدەری سەدان ئاوازی نەمری پڕ جۆش و خرۆش بێت (ژنی کورد ٠٠ ١٨)*

*ئافرەت سەرچاوەی خورپەی دڵ نەبا، هیگۆ نەیدەتوانی لەسەر یەک تەل سازلێدەری سەدان ئاوازی نەمری پڕ لە جۆش و خرۆش بێت.*

ئامرازی گەیەنەری مەرجی هەردەم لەسەرەتای ڕستەی شوێنکەوتوودا دەبێت بەڵام لەو بارانەدا، کە زێتر بایەخ بە سەرکاری ڕستەی شوێنکەوتوو دەدرێت و جەخت دەخرێتە سەری، ئەوا سەرکارەکە بەپێشی دەکەوێت، بەڵام ئەم بارە زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت و بەکار دێت:

*پیاو گەر وەزیفەی گەورەی نەبێت، هەرگیز میدالی تیپی شەرەفی بەدەست ناکەوێت. (ملوانکەی ئەڵماس ٣١).*

*گەر پیاو وەزیفەی گەورەی نەبێت، هەرگیز میدالی تیپی شەرەفی بەدەست ناکەوێت.*

٧ - ٤ شوێنی ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج هەمیشە لە سەرەتای ڕستەی تێکەڵدا دەبێت، بەواتا بەپێش ڕستەی سەرەکی دەکەوێت (٧ - ٢) بەڵام هێندێک جار دەتواندرێت لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا جێگۆڕکێ بکرێت، بە تایبەتی لەو بارانەدا، کە سەرکاری لێکسیکی لەنێو ڕستەی سەرەکی و

ڕستەی شوێنکەوتوودا نەهاتووە، بەڵکو هەر بەهۆی بکەری جێناوی دەربڕاوە، لە ئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕکردنەدا ڕستە تێکەڵەکە نە لە ڕووی واتا و نە لە ڕووی دارشتنەوە دووچاری کەموکورتی نابێت، بەڵام ئەم بارەی لێی دەدوێین، لە نووسین و لە کسەکردندا کەم دەبیندرێن و کەم دەبیسرێن.

*ئەگەر پێ نەحەسا، ئەو بخو دێ کەڤیت (یاریێت کوردی ٦٩)*

*ئەو بخو دێ کەڤیت، ئەگەر پێ نەحەسا.*

*ئەگەر هات و پێویستیم بە پارە بوو، ئامادەیە دەستم بگرێ (مردنی دێوەرەیەک ٧٢)*

*ئامادەیە دەستم بگرێ، ئەگەر هات و پێویستیم بەپارە بوو.*

٧-٥ ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی لە ڕووی ڕوودان و ئەگەری ڕوودانی دیاردە و ڕووداودا دابەش دەکرێتە سەر دوو جۆرە ڕستەی شوێنکەوتوو:

## ١- ڕستەی شوبینکەوتووی مەرجی ڕووداوی تەواو

لەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووەدا ئەو مەرجەی، کە لەنێو ڕستەی شوێنکەوتوودا هاتووە، ڕووداوی ڕووداوەکەی لەنێو ڕستەی سەرەکیدا ڕوودراوە وەیا لە داهاتوویەکی خێرادا ڕوو دەدرێت.

دەمکاتی فرێزی کاری ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی ڕووداوی تەواو، هەموو دەمکاتەکانی کار دەگرێتەوە، تەنێ دەمکاتی ڕابوردووی ئیلزامی نەبێت، کە لەم بارەدا لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا بەکار نایەت:

*ئەگەر هەرچیەکی (کردبێت)، لە ئەنجامی هەستێکی پیرۆزەوە (بووە) (فرشتەکانی سەرزەمین ٣٤)* - دەمکاتی ڕابووردووی گێڕاوەیی.

*ئەگەر (پێ نەحەسا)، ئەو بخو (دێ کەڤیت) (یاریێت کوردی ٦٩)* - دەمکاتی ڕانەبووردووی گێڕاوەیی.





*خۆ ئەگەر (بهاتبا) بەرەو چاپخانە، یان دوکانەکەی مەکتەب چووبام، ئەوا کاکە پێشی پێ دەگرتم و بە خۆشی، یان ناخۆشی بەرەو پاش دەیگێڕامەوە (چیرۆکەکانی مەم ٢٢)*- دەمکاتی ئیلزامی.

## ٢- ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی ڕووداوی ناتەواو

لەڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی ڕووداوی ناتەواودا ئەو ئەگەرانە ڕوونکراونەتەوە و باسکراون، کە بوونەتە هۆی نەهاتنەدی خۆزگەی ڕووداو و دیاردەی ڕستەی سەرەکی و دەمکاتەکەشی ڕابوردووی ئیلزامی دەبێت:

*ئەگەر ئەو نیوەشەوە تووشی یەکێک (ببوویتایە)، سەرت لەدیمەنی سەدان ڕووی خەڵکی شار سووردەما، کە لە هەیوانە فراوانەکەدا کۆببوونەوە* (چیرۆکەکانی مەم ١٣)

٧ - ٦ هێندێک جار ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج هەر خۆی بەتەنیا لەنێو ڕستەی تێکەڵدا نابێت، بەڵکو ڕستەیەکی شوێنکەوتووی دی لەگەڵدا دەبێت و بە هەردوویان تێکڕا واتای ڕستەی سەرەکی نێو ڕستەی تێکەڵ زێتر ڕووندەکەنەوە:

*ئەگەر خاوەن کارەکە لەو دەمەدا بەسەر داهات و لەهەر یەکێک بپرسێ لە کوێیم؟ هەموویان سوێندم بۆ دەخۆن، کە هەر تازە ئەوێم جێهێشت* (مردنی دێوەرەیەک ٧١)

ڕستەی سەرەکی

*هەموویان سوێندم بۆ دەخۆن*

ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج

*ئەگەر خاوەن کارەکە لەو دەمەدا بەسەر*

*داهات و لە هەر یەکێکی پرسی لە کوێم*

ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری تیان

*کە هەر تازە ئەوێم جێهێشت*

٧ – ٧ کاتی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج و ڕستەی سەرەکی لەنێو ڕستەی تێکەڵدا وا ڕێکدەکەوێت لە یەک کاتدا (ڕانەبوردوو)، (ڕابووردوو) یان لە دوو کاتی جیاوازدا (ڕانەبوردوو و ڕابوردوو) دا ڕوو بدات:

ئەگەر چاکەیەکتان بەسەر منەوە هەیە، پێم بڵێن.

ئەگەر چاکەیەکتان بەسەر

| | |
|---|---|
| *منەوە هەیە* | کاتی ڕانەبووردوو |
| *پێم بڵێن* | کاتی ڕانەبوردوو. |

*ئەگەر خۆشی نەویستبا، هەرگیز وا ناوی نەدەهێنا.*

| | |
|---|---|
| *ئەگەر خۆشی نەویستبا* | کاتی ڕابوردوو |
| *هەرگیز وا ناوی نەدەهێنا* | کاتی ڕابوردوو |

*ئەگەر کارت تەواو بوو، سەرێک لە دەستە خوشکەکانت بدە.*

| | |
|---|---|
| *ئەگەر کارت تەواو بوو* | کاتی ڕابورودوو |
| *سەرێک لە دەستە* | |
| *خوشکەکانت بدە* | کاتی ڕانەبوردوو |

*هەکە ڕاست بیت ل دوی هزرا من، و هتا نهۆژی ئەز لسەر وێ بوەرێی مە،*





*وی صرف عەرەبی بکوردی نڤیسییە* (عەلی تەرەماخی١٧)

*هەکە ڕاست بیت ل دوی هزرا من و هتا نهۆژی ئەز لسەر وێ*

| | |
|---|---|
| *بوەرێی مە* | کاتی ڕانەبوردوو |
| *وی صرف عربی بکوردی نڤسییە* | کاتی ڕابوردوو |

# ڕستەی

## شوێنکەوتووی پێچەوانە

٨ - ١ ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە ئەو بارە ئاڵۆزەی نێو ڕستەی تێکەڵ دەستنیشان دەکات، کە تەگەرەی تێخراوە و ئەستەنگی هاتۆتە پێش، بەڵام لەزۆر باردا زاڵبوون بەسەریدا دەنوێندرێت.

ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە و ڕستەی سەرەکی لەنێو ڕستەی تێکەڵدا بەهەردوویان بارو دۆخ پێشان دەدەن، بەڵام یەکێکیان تەگەرە و کۆسپ دەردەبڕێت و ئەوەی دییان بەشێوەیەکی گشتی بەدیهێنانی سەرکەوتن بەسەر کۆسپەکە، وەیا گوێ نەدان پێی دەخاتە ڕوو.

ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە ڕاستی باری ڕووداوەکە دەستنیشان دەکات، بەڵام ڕستە سەرەکێکە واتای دژایەتی و پێچەوانەیی ئەم هەڵوێستە ڕووندەکاتەوە. ئەم دەرخستنی دژ بارە دوو چەشنە دەربڕین پێشان دەدات. بۆ وێنە بۆ ڕووداوێکی وەکو (باران بارین) و(ڕۆژ هەڵاتن) لە ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەدا و ڕستەی سەرەکی نێو ڕستەی تێکەڵدا هەر بەیەک جۆرە دژ واتایی دەردەبڕێت. هەمان ڕووداوی باسکراو لە ڕستەیەکی شوێنکەوتووی مەرجیدا (٧-١)- (٧-٧) بەم جۆرە خۆی دەنوێنێت:

*ئەگەر باران باری، سەیرانەکەمان ناکەین.*

*ئەگەر ڕۆژ هەڵات، سەیرانەکەمان دەکەین.*

بەرامبەر ئەو دوو بارە ڕێککەوتووەی ڕستەی ژووروودا لە ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەدا هەر بەیەک جۆر پێشان دەدرێت.

*هەر چەند(ە) بارانیش بێت، سەیرانەکەمان دەکەین.*

ئەم پێوەندی دژ بارەی لەنێو ڕستەی تێکەڵدا، کە لەنێوان ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەدا دەربڕاوە، لە ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیان نێزیک دەکاتەوە، بەڵام جیاوازێکەی نێوان ڕستەی تێکەڵ و ڕستەی





لێکدراوی پێچەوانەدا لەوە دایە، کەوا هەردوو ڕستەی لێکدراو بەشێوەیەکی یەکسانی داڕێژراون و ئەو بارەی تێیدا دەربڕاوە، بە ڕادەیەکی زۆر ئاشکرا خراوەتە ڕوو، بۆیە جیاوازی پێچەوانەیی نێوانیان لەنێو بردراوە و هەر چەندە ئامرازی سینتاکسی (بەڵام) بە زۆری لە هەردوو جۆری ڕستەی لێکدراو و تێکەڵیشدا بەکار دێت، سرنج لەم ڕستە لێکدراوەی ژێروو بدە:

*خەریک بوو قسە بکەم، بەڵام قسەکەی پێ بڕیمەوە (نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ ٤٨)*

٨ - ٢ چەند ئامرازێکی گەیەنەر هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە دەکەن. ئامرازی گەیەنەری «هەرچەند (ە)»لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو و دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاستدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت.

لەگەڵ ئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووەی، کە بە یارمەتی ئامرازی گەیەنەری «هەرچەند(ە)»دا داڕێژراوە، ڕستەی سەرەکی بەزۆری بە ئامرازی سینتاکسی «بەڵام//(بە) لێ، کەچی» دەستپێدەکات:

هەرچەندە *پانتۆڵەکەی لە ڕەنگی چاکەتەکەی نەبوو، بەڵام نەشازییەکی نەنواندبوو* (لاکێشە ڕووناکەکان ١٥)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە

*هەرچەندە پانتۆڵەکەی لە ڕەنگی چاکەتەکەی نەبوو*

ڕستەی سەرەکی

*بەڵام هیچ نەشازییەکی نەنواندبوو*

*هەرچەند شاگردێ یەکەمێ هەر سال ئەز بوم، لێ وەسا ژی ژبەر نەبونا*

*کتێب و قەڵەم و دەفتەران، نەشیام خوندنا سەرەتایی هەوکم* (خلاس کم)
(دەنگێ مە، ژمارە ٣، ١٩٨٧ لاپەڕە ١٣٩)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە

*هەر چەند شاگردێ یەکەمێ هەر سالی ئەز بوم*

ڕستەی سەرەکی

*لێ وەسا ژی ژبەر نەبونا کتێب و قەلەم و*
*دەفتەران، نەشیام خوەندنا سەرەتایی هەوکم*

هەروا ئامرازی گەیەنەری (ئەگەرچی) هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە دەکات و ڕستەی سەرەکیش بە ئامرازی (بەڵام) وەیا ئامرازی (بەڵکو) دەستپێدەکات:

*ئەگەرچی شێخ چاوەڕوانی هاتنی خەڵک بوو، بەڵام نەک وەکو هی مەلا بایز:*

| | |
|---|---|
| *ئەگەرچی شێخ چاوەڕوانی* | ڕستەی شوێنکەوتووی |
| *هاتنی خەڵک بوو* | پێچەوانە |
| *بەڵام نەک وەکو هی مەلا بایز* | ڕستەی سەرەکی |

*مریەم ئەگەرچی نە دایە زریکە و هاوار نە پەلاماری دا، بەڵکو بەسەردەمدا خۆی گرمۆڵە کرد و بە کوڵ کەوتە گریان و هەنسکەدان* (شار ٧٥)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە

*مریەم ئەگەرچی*
*نەدایە زریکە و هاوار و نە پەلاماری دا*





ڕستەی سەرەکی

*بەڵکو بەسەر دەمدا خۆی گرمۆڵە کرد و*
*بەکوڵ کەوتە گریان و هەنسکەدان*

لەپاڵ ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی لە ژوورەوە باسکراو دا ئامرزای (باوەکو)ش بەشداری داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە دەکات. ڕستەی سەرەکیش بە ئامرازی (بەڵام) وەیا (کەچی) دەستپێدەکات:

*باوەکو حاجی ژن شەکری لەنێو چایەکە کردبوو، کەچی هەر تاڵ بوو.*

| | |
|---|---|
| *باوەکو حاجی ژن شەکری* | ڕستەی شوێنکەوتووی |
| *لەنێو چایەکە کردبوو* | پێچەوانە |
| *کەچی هەر تاڵ بوو* | ڕستەی سەرەکی |

ئەگەرچی خانوویەکی تازە و گەورە بوو، بەڵام زۆر دوور بوو.

| | |
|---|---|
| *ئەگەرچی خانوویەکی* | ڕستەی شوێنکەوتووی |
| *تازەو گەورەبوو* | *پێچەوانە* |
| *بەڵام زۆر دوور بوو* | ڕستەی سەرەکی |

٨ – ٣ شوێنی ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی لە (٨ – ٢) باسکراون هەردەم لەسەرەتای ڕستەی شوێنکەوتوودا دەبن، بەڵام هێندێک جار بۆ زێتر جەختکردن لەسەر ڕۆڵی سەرکاری فرێزی ناویدا، ئەوا سەرکارەکە بە پێش ئامرازەکە دەکەوێت:

*(حاجی) هەر چەند سەری زۆر قاڵ بوو، بەڵام خوا هەڵناگرێ لەگەڵ ئەوەش سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو.* (پێکەنینی گەدا ٦٨)

*(گەرمای هاوین) ئەگەرچی ڕووی لەشکستی کردبوو، بەڵام هێشتا ئەوەندەی بە بەرەوە مابوو، کە خەڵکەکە ناچاری سەرخەو شکاندنەکەی دوای نێوەڕۆیان بکات* (شار ٦٥)

به لابردنی ئامرازی گەیەنەری «هەرچەند (ە)، ئەگەرچی، باوەکو» ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە لەباری شوێنکەوتوویی دەکەوێت و لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا ڕستەیەکی لێکدراوی پێچەوانە دادەڕێژن:

(هەرچەندە) دلێر ئەم شارەی بەدڵ بوو، بەڵام هەر بیری لەگوندەکەی دەکردەوە.

دلێر ئەم شارەی بەدڵ بوو، بەڵام هەر بیری لە گوندەکەی دەکردەوە.

(ئەگەرچی) مەنیژە ماوەیەکە لە جل شوشتن بۆتەوە، بەڵام هەر بە دیار تەشتەکەوە دانیشتووە.

مەنیژە ماوەیەکە لە جل شوشتن بۆتەوە، بەڵام هەر بە دیار تەشتەکەوە دانیشتووە.

(باوەکو) شۆخان زۆر لە خانووەکەدا نەمایەوە، بەڵام بۆی تازە کردەوە.

شۆخان زۆر لە خانووەکەدا نەمایەوە، بەڵام بۆی تازە کردەوە.

ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی، کەهاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە دەکەن، دەتوانن لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکرێن بەبێ ئەوەی باری داڕشتنی سینتاکسییان تێک بچێت، یا واتا و شوێنیان بگۆڕێت.

(هەرچەندە) پوورە ئایشێ وەک ڕۆژانی ڕابوردوو لەبەر دەرگا نەبوو، بەڵام دەتوانرا جێ دانیشتنەکەی دیاری بکرێ (چاوەڕوانی ٢٤)

(ئەگەرچی) پوورە ئایشێ وەک ڕۆژانی ڕابوردوو لەبەر دەرگا نەبوو، بەڵام دەتوانرا جێ دانیشتنەکەی دیاری بکرێ.

(باوەکو) پوورە ئایشێ وەک ڕۆژانی ڕابوردوو لەبەر دەرگا نەبوو، بەڵام دەتوانرا جێ دانیشتنەکەی دیاری بکرێ.

٨ – ٤ هەمیشە ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی تێکەڵەوە، بەواتا بەپێش ڕستەی سەرەکی دەکەوێت و هەرگیز ناکەوێتە نێوان وەیا کۆتایی ڕستەی سەرەکییەوە، هەتا لە باری لابردنی ئامرازی گەیەنەر. ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە لەنێو ڕستەی تێکەڵدا





بۆ هەموو ڕستە سەرەکێکە دەگەڕێتەوە، نەک بۆ بەشێک لە بەشەکانی:

هەرچەند ڕۆژ نزیکی ئاوابوون بوو، بەڵام گەرماکەی لەوەدا نەبوو (پێنج تابلۆی شێواو ٣٧).

* بەڵام گەرماکەی لەوەدا نەبوو، هەرچەند ڕۆژ نزیکی ئاوابوون بوو.

* بەڵام گەرماکەی لەوەدا نەبوو، ڕۆژ نزیکی ئاوا بوون بوو

* بەڵام گەرماکەی، هەرچەند ڕۆژ لە ئاوابوون بوو، لەوەدا نەبوو.

* بەڵام گەرماکەی، ڕۆژ لە ئاوابوون بوو، لەوەدا نەبوو.

٨ – ٥ هێندێک جار لە ڕستەی تێکەڵدا لەپاڵ ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە، ڕستەی شوێنکەوتووی جۆری دیش هاوبەشی داڕشتن دەکات، کە زێتر مەبەستی ڕستەی شوینکەوتووی پێچەوانە لەبارەی ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە:

ئەم ئەگەرچی لە هامشۆکەرانی چاخانەکە نەبوو، بەڵام لەگەڵ وەستا دا، کە دانەوێڵەی بۆ ماڵەوە لە حاجی محمودی علاف دەکڕی، سووکە ناسیاوییەکیان هەبوو (شار ١٥٢)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە

ئەم ئەگەرچی لە هامشۆکەرانی
چاخانەکە نەبوو

ڕستەی سەرەکی

بەڵام لەگەڵ وەستادا سووکە
ناسیاوییەکیان هەبوو

ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری

*که دانەوێڵەی بۆ ماڵەوە*

*لەماڵی حاجی محمودی علاف دەکڕی*

٨ - ٦ کاتی ڕوودانی ڕووداو لە هەردوو بەشی ڕستەی تێکەڵدا بە واتا لە نێو ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە و ڕستەی سەرەکیدا هاوکاتن، بەزۆریش کاتی ڕوودانی ڕووداو ڕابوردووە:

*هەرچەند حەیرانۆک ب پاقژترین زمان هاتیە ڤەهاندن، لێ ژ پەیڤێت بیانی رزگار نەبویە* (حەیرانۆک ژ کەلەپورێ کوردی ٤)

*هەرچەند حەیرانۆک ب پاقژترین*

| | |
|---|---|
| *زمان (هاتیە ڤەهاندن)* | کاتی ڕابوردوو |
| *لێ ژ پەیڤێت بیانی* | |
| *(رزگار نەبویە)* | کاتی ڕابوردوو |

*هەرچەندە کەریمی عەلەکەی ڕەحمەتی هەروەک ئیسلام نەبوو، کەچی گەلێک یارمەتی مزگەوتەکانی داوە* (فرشتەکانی سەرزەمین ٤٤)

*هەرچەندە کەریمی عەلەکەی ڕەحمەتی*

| | |
|---|---|
| *هەروەک (ئیسلام نەبوو)* | کاتی ڕابوردوو |
| *کەچی گەلێک (یارمەتی)* | |
| *مزگەوتەکانی (داوە)* | کاتی ڕابوردوو |



## ڕستەی

## شوێنکەوتووی پێوانە

٩ - ١ ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە هۆ و چۆنیەتی و پلەی ڕوودانی ڕووداو دەردەبڕێت، کە لەنێو ڕستەی سەرەکیدا هێمای بۆ کراوە، وەیا بەڵگەو نیشانەی بۆ دەستنیشان کراوە.

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە وەڵامی پرسیاری (لە چ پلەیەک،تا چ پلەیەک، بە چ ڕادەیەک، تا چ ڕادەیەک؟) دەداتەوە. وشەی ئامرازی وەک (هەند// هێند// هێندە//هەندە//هەند//هندە//ئەوەندە// ئەوەند، بەڕادەیەک، هەرچەند) بەشداری دارشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە دەکەن.

- ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە، پێوانەی چۆنیەتی ڕووندەکاتەوە و ڕادەکەی بەدیار دەخات:

*هەر هێندەی چاوی پێیم کەوت، باوەشی بۆ کردمەوە* (گەلە گورگ ١٥)

- ڕادەی پێوانەی چەندێتی پێشان دەدات:

*چاو و برۆکانی ئەوەندە ڕەش بوون، بریقەیان لە دوورەوە کاری خۆی ئەکرد.* (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم ٦٥)

- پێوانەی کێش بە دیار دەخات:

*ئەو مەڕمەڕانە هەندە قورس بوون، مەگەر هەر دانەی بە هێسترێک هەڵبگیرایە (هەڵکشان بەرەو لوتکە ١٢٩)*

- ڕادەی پلەی پێوانە بەدیار دەخات:

*ئەوەندەی نەما لەگەڵ یەکێکدا دەست بدەینە یەخەی یەکتر* (لاکێشە ڕووناکەکان ١٢٨)

- ماوەی کات دەپێوێت و بەدیاری دەخات:

*دایکم هێندەی بڵێی یەک و دوو خۆی پێچایەوە.* (گەلە گورگ ١٨)

٩ - ٢ ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی لە (٩ - ١) باسکراون هاوبەشی دارِشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە دەکەن:

*بێدەنگی ژوورەکە هێندە کپ بوو، ئەم دوو وشەیە وەکو تۆپ دەنگی دایەوە* (خۆری ئاوابوو١٠٣)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*بێدەنگی ژوورەکە هێندە کپ بوو*

ڕستەی سەرەکی

*ئەو دوو وشەیە وەکو تۆپ دەنگی دایەوە*

*هند زێڕ پەیداکرن، کچا حاکمی بو خوە ئینا* (چەند چیرۆک ٤٣)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*هند زێڕ پەیداکرن*

ڕستەی سەرەکی

*کچا حاکمی بو خوە ئینا*

*بەڕادەیەک دڵخۆش بوو، ناشیرینیشی لەلا جوان بوو.*

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*بەڕادەیەک دڵخۆش بوو*





ڕستەی سەرەکی

*ناشیرینیشی لەلا جوان بوو*

*هەر چەندە ئەولام کرد و ئەم لام کرد، هەموو چیای بەدوادا گەڕام، شوێن بزرم کرد* (چیرۆکەکانی مەم ٤٤)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*هەرچەند ئەولام کرد و ئەم لام کرد*

*هەموو چیای بە دوادا گەڕام*

ڕستەی سەرەکی

*شوێن بزرم کرد*

ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی هاوبەشی دارِشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە دەکەن، هەمیشە دەکەونە سەرەتای ڕستەکەوە، بەڵام لەو بارانەدا، کە جەخت لەسەر سەرکاری ڕستەی سەرەکی دەکرێت، سەرکارەکە دەکەوێتە پێش ئامرازی گەیەنەر، چونکە کرۆکی ڕووداوی ڕستە تێکەڵەکەیە:

*دایکم هێندەی بڵێی یەک و دوو، خۆی پێچایەوە (گەلە گورگ ١٨)*

ڕستەی سەرەکی

*دایکم خۆی پێچایەوە*

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*هێندەی بڵێی یەک و دوو*

٩ – ٣ بەلابردنی ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی،کە ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە دادەڕێژن، ڕستە شوێنکەوتووەکە لە شوێنکەوتەیی ئازاد دەبێت و لەگەڵ ڕستە سەرەکیێکەدا بە یارمەتی کۆما لێکدەدرێن و ڕستەیەکی لێکدراوی پێوەست پێکدەهێنن:

*هەندە بۆ دیتنم بە پەرۆش بوو، زوو زوو سەری لێدەدام.*

*بۆ دیتنم بە پەرۆش بوو، زوو زوو سەری لێدەدام.*

٩ – ٤ ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە لەنێو ڕستەی تێکەڵدا بۆ هەموو ڕستە سەرەکیێکە دەگەڕێتەوە، بەواتا نەک بۆ بەشێک لە بەشەکانی و بەشێوەیەکی گشتیش دەکەوێتە پێش ئێوەی، بەڵام هێندێک جار و زۆر بە دەگمەن ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکی:

*ئازاد خەریکی پێویستێکانی ماڵەوە نەبوو، ئەوەندەی خەریکی کاروباری دەرەوە بوو.*

*شێرە بە تەنگی ئەوەوە نەبوو، ئەوەندەی بە تەنگی ئیمام عەباس و خغزی ئیمام عەباسەوە بوو* (هەڵکشان بەرەو لوتکە ٦)

ڕستەی سەرەکی

*شێرە بەتەنگی ئەوەوە نەبوو*

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*ئەوەندەی بەتەنگی ئیمام عەباس و*
*خغزی ئیمام عەباسەوە بوو*





هەروا ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە لەو بارانەدا، کە سەرکاری ڕستەی سەرەکی بە مەبەستی جەختکردندا بکەوێتە پێش ئامرازی گەیەنەر، ئەوا ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکییەوە:

*نانەکە ئەوەند کەم بوو، بەشی دوو ژەمی نەئەکرد (بووکە شووشە* ٢٦)

ڕستەی سەرەکی

*نانەکە بەشی دوو ژەمی نەئەکرد*

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*ئەوەند کەم بوو*

لەم ڕستەیەی ژوورەوەدا بە دانانی سەرکار (*نانەکە*) لە شوێنی تایبەتی خۆی، کە لە سەرەتای ڕستەی سەرەکییە، دەتواندرێت ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە بکەوێتە کۆتایی ڕستەی سەرەکی:

*نانەکە بەشی دوو ژەمی نەئەکرد، ئەوەند کەم بوو.*

٩ – ٥ هێندیک جار لە پاڵ ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە، ڕستەی شوێنکەوتووی جۆری دیش هاوبەشی دارشتن دەکات، کە زێتر ڕووداوی ڕووداوەکە لە لایەنی دیبیەوە ڕووندەکاتەوە:

*هەر ئەوەندەی بۆکرا، کە بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە دەست لە ملی ژنە خۆشەویستەکەی بکا* (بووکە شووشە ٥٤)

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە

*هەر ئەوەندەی بۆکرا*

ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری

کە بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە

ڕستەی سەرەکی

دەست لە ملی ژنە خۆشەویستەکەی بکا

٩ - ٦ کاتی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە، کاتێکی چەسپیوی بۆ نییە، وارێکدەکەوێت لە کاتی ڕابوردوو وەیا ڕانەبوردوودا بێت، لەوانەیە کاتەکەی لەگەڵ کاتی ڕووداوی ڕستەی سەرەکیدا یەک کات بێت، وەیا جیاواز بێت:

ئەوەندەی نەماوە یەکبگرین (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم ٧٧)

ئەوەندەی (نەماوە)    کاتی ڕانەبوردوو

(یەکبگرین)    کاتی ڕانەبوردوو

ما دنیا بەر هندێ دکەڤیت، مرۆڤ وسا ب پشتا خوەڤە گرێ بدە (خان و مان ٢١)

ما دنیا بەر هندێ (دکەڤیت)    کاتی ڕانەبوردوو

مرۆڤ وسا ب پشتا خوەڤە

(گرێ بدە)    کاتی ڕانەبوردوو

چاو و برۆکانی ئەوەند ڕەش بوون بریقەیان لە دوورەوە کاری خۆی ئەکرد.

چاو و برۆکانی ئەوەند

(ڕەش بوون)    کاتی ڕابوردوو

بریقەیان لە دوورەوە

(کاری) خۆی (ئەکرد)    کاتی ڕابوردوو





بەڕادەیەک لەم کۆمەڵەی دوور کەوتەوە، ئەمڕۆ کەس ناوی ناهێنێت.

بەڕادەیەک لەم کۆمەڵەی

(دوورکەوتەوە)    کاتی ڕابوردوو

ئەمڕۆ کەس (ناوی ناهێنێت)    کاتی ڕانەبوردوو

هند سپی بو، دبێژی بەفرا چیایێ سیپانە (دەنگێ مە، ژمارە ٣ لاپەڕە ٩)

هند (سپی بوو)    کاتی ڕابوردوو

(دبێژی) بەفرا چیایێ

(سیپانە - سپیان+ هەیە)    کاتی ڕانەبوردوو

## ئەنجام

ڕستەی سەرەکی+ ڕستەی شوێنکەوتوو = ڕستەی تێکەڵ

ڕستەی شوێنکەوتوو + ڕستەی سەرەکی = ڕستەی تێکەڵ

ڕستەی سەرەکی لە ڕستەی تێکەڵدا بەشێوەیەکی گشتی ڕستەیەکی سادەیە. هیچ ئامرازێکی سینتاکسی هاوبەشی داڕشتنی ناکات، تەنێ لەو بارەدا نەبێت، کە لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەدا ڕستەی تێکەڵ پێکدەهێنێت، ئەوسا ئامرازی سینتاکسی (بەڵام، کەچی و بەڵکو) هاوبەشی داڕشتنی دەکەن.

ڕستەی سەرەکی لە نێو ڕستەی تێکەڵدا بەپێش ڕستەی شوێنکەوتوو وەیا بە پاشی دەکەوێت:

ڕستەی شوێنکەوتوو بە هەموو جۆرەکانی لە ڕووی ماناوە بە بەشێک لە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی، وەیا ڕستە سەرەکییەکە هەمووی پێوەستە.

ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕووی داڕشتنی سینتاکسییەوە بە ڕستەی سەرەکییەوە بەندە و بۆ بەشێک لە بەشەکانی، یا بۆ هەموو ڕستە سەرەکێکە دەگەڕێتەوە.

ڕستەی شوێنکەوتوو بە یارمەتی ئامرازی سینتاکسی دادەڕێژرێت و بە هۆیەوە شوێنکەوتەی ڕستەی سەرەکی دەبێت و بە هەردوویان ڕستەی تێکەڵ دادەڕێژن.

هێندێک جار زێتر لە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی تێکەڵ دەکات.

لەنێو ئەو ئامرازانەی، کە هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتوو دەکەن ئامرازی گەیەنەری(کە) لە هەمووان چالاکترە و لەگەڵ چەندین جۆرە ڕستەی شوێنکەوتوو بەکاردێت.

ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری بە هۆی ئامرازی گەیەنەری(کە) دادەڕێژرێت و دەکەوێتە سەرەتایەوە (١ - ١) و (١ - ٣) ڕستەی





شوێنکەوتووی سەرکاری بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکییەوە (١-٤) و (١-٥). کاتی ڕوودانی ڕووداو لە ڕستەی شوێنکەوتوودا بە شێوەکی گشتی جیاوازە لەگەڵ کاتی ڕوودانی ڕستەی سەرەکیدا (١-٦).

ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کاریش بە یارمەتی ئامرازی گەیەنەری (کە) دادەڕێژرێت و بەهۆی ئەوەوە تێکەڵ بەڕستەی سەرەکییەوە دەبێت (٢-٢).

هەمیشە ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کار دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکییەوە (٢-٣). کاتی ڕوودانی ڕووداو لە ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کاردا بۆی هەیە هاوکات وەیا لە کاتێکی جیاواز لە کاتی ڕوودانی ڕستەی سەرەکیدا بێت (٢-٥).

ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری بە یارمەتی ئامرازی گەیەنەری (کە//کو) دادەڕێژرێت و دەکەوێتە سەرەتایەوە (٣-١) و (٣-٢). ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکییەوە (٣-٣) و (٣-٤). کاتی ڕوودانی ڕووداو لە ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاریدا جیاوازی هەیە لە کاتی ڕوودانی ڕستەی سەرەکی.

ئامرازی گەیەنەری(کە//کو) هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری دەکات و دەکەوێتە سەرەتای (٤-٢). ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری هەرگیز ناکەوێتە سەرەتای ڕستەی تێکەڵ، بەواتا بەپێش ڕستەی سەرەکی ناکەوێت، بەڵام دەکەوێتە نێوانی (٤-٣) و (٤-٤). کاتی ڕوودانی ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بۆی هەیە هاوکات، یا ناهاوکات بێت لەگەڵ کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکی (٤-٦).

یەکێک لە تایبەتێتیێکانی ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری، بە دیار خستنی هەموو بەشەکانی ڕستەی سەرەکییە یانی بۆیان دەگەڕێتەوە، تەنێ کاری فرێزیکاری نەبێت، هەر بۆیەیە لە زمانی نووسین و کسەکردندا لە چاو ڕستە شوێنکەوتووەکانی دی فراوانتر بە کاردێت (٤-١).

لە ڕستەی شوێنکەوتووی کاتیدا ئامرازی گەیەنەری (کە، هەرکە)

بەشداری داڕشتنی دەکەن و هەروا هێندێک جار کۆمەڵێک ناوی کاتیش (٥-٢) هاوبەشی دەکەن. ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی لە ڕووی شوێنەوە جێگەیەکی چەسپیوی نییە، بۆیە لە سەرەتا، لە کۆتایی ڕستەی تێکەڵدا دەبێت و هەروا لەنێو بەشەکانی ڕستەی سەرەکیشدا دەتوانێت خۆی بنوێنێت (٥-٤). کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی وا ڕێکدەکەوێت، کە لەگەڵ کاتی ڕوودانی ڕستەی سەرەکیدا هاوکات، وەیا جیاواز بێت (٥-٥).

ئامرازی گەیەنەری «چونکە//چونکو//چونکی چمکی، لەبەر ئەوەی(کە)» هاوبەشی داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی دەکەن و دەکەونە سەرەتایەوە (٦-٢). شوێنی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی لەنێو ڕستەی تێکەڵدا بەپێی جۆری ئەو ئامرازەیە، کە بەشداری پێکهێنانی دەکات، ئەو ڕستە شوێنکەوتووەی، کە بە یارمەتی ئامرازی گەیەنەری (چونکە و..) داڕێژراوە بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دوای ڕستەی سەرەکی، بەڵام ئەو ڕستەیەی کە بە هاوکاری ئامرازی گەیەنەری «لەبەر ئەوەی (کە)» بنیاتنراوە دەکەوێتە پێش ڕستەی سەرەکی (٦-٣).

کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بەشێوەیەکی سەرەکی بەر لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکییە و هێندێک جار نەبێت کاتی ڕوودانی ڕووداوی هەردوو ڕستەکە هاوکات دەبن (٦-٦).

ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج بە یارمەتی ئامرازی گەیەنەری «(ئە)گەر//هەگەر// هەکە (ر)» دادەڕێژرێت (٧-٢) و (٧-٣). ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج لەڕووی ڕوودان و ڕوونەدانی دیاردە و ڕووداودا دابەش دەکرێتە سەر دوو جۆرە ڕستەی شوێنکەوتووو (ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی ڕووداوی تەواو، ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی ڕووداوی ناتەواو) (٧-٥). شوێنی ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج لەنێو ڕستەی تێکەڵدا دەکەوێتە پێش ڕستەی سەرەکی (٧-٤).

ئامرازی گەیەنەری «هەرچەند(ە)، ئەگەرچی، باوەکو) بەشداری پێکهێنانی





ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە دەکەن (٨-٢). ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە بەزۆری دەکەوێتە پێش ڕستەی سەرەکی (٨-٤). ڕستەی سەرەکیش بەئامراز دەست پێدەکات، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتێتیکانی ئەو ڕستە تێکەڵەی، کە ڕستە شوێنکەوتووەکەی، ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەیە (٨-٣). ئەم ڕستە شوێنکەوتووە لە ڕووی شوێنەوە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی تێکەڵەوە (٨-٤).

ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە وەکو هەموو ڕستە شوێنکەوتووەکانی دی ئامرازی گەیەنەر هاوبەشی پێکهێنانی دەکات، کە ئەم ئامرازانەش بەشێوەیەکی گشتی دەکەونە سەرەتای ڕستە شوێنکەوتووەکە، وەیا دوای سەرکاری فرێزی ناوی. ئامرازی گەیەنەری «هەند (ە)// هێند(ە)// هند (ە)// ئەوەند(ە)، بەڕادەیەک، هەرچەند» دەوری گەیاندنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە بە ڕستەی سەرەکیدا لەڕستەی تێکەڵدا دەنوێنن (٩-١)و (٩-٢).

شوێنی ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە لەنێو ڕستەی تێکەڵدا بەشێوەیەکی گشتی لەپێش ڕستەی سەرەکییە(٩-٤).

کاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی شوێنکەوتوو هێندێک جار هاوکاتی ڕوودانی ڕووداوی ڕستەی سەرەکییە وەیا کاتەکەیان جیاوازە (٩-٦).

# ژێدەر


توفیق وهبي ١٩٥٦ قواعد اللغة الكردية. الجزء الاول. بيروت.

د. جمال نەبەز ١٩٧٦ زمانی یەکگرتووی کوردی. بامبێرگ.

د. کەناتی کوردۆ ١٩٨٤ڕێزمانی کوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی) (د.کوردستانی موکریانی لە زمانی ڕووسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی). بەغدا.

د. کوردستان موکریانی ١٩٨٦سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا. بەغدا.

د. کوردستان موکریانی ١٩٨٦ ڕستەی شوێنکەوتووی کات. کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١١. لاپەڕە ١٤٨-١٦٠.

د. كردستان مكرياني ١٩٨٩ قواعد اللغة الكردية. بغداد.

د. کوردستان موکریانی ١٩٨٩ ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی. کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٤. لاپەرە ١٥١-١٥٧.

د.كردستان مكرياني ١٩٩٠ المبتدا في الجملة الكردية (مقبول للنشر في مجلة الأبحاث).

د. كردستان مكرياني ١٩٩٠ الخبر في الجملة الكردية (مقبول للنشر في مجلة الأبحاث).

د. کوردستان موکریانی ١٩٩٠ ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج. کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٥. لاپەڕە ٧٢-٧٨.

د. کوردستان موکریانی ١٩٩٠ ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە. کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٦ لاپەرە ٣٩-٤٦.

د. کوردستان موکریانی ١٩٩٢ ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە. کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٨. لاپەرە ٤٦-٥٣.

د. کوردستان موکریانی ١٩٩٨ سینتاکسی ڕستەی کوردی. هەیرن فەین.

Dr kurdistan mukriyanî 1998 Volgorde van Zinsdelen in de koerdische Taal. Heerenveen.

نوری علی امین ١٩٥٦ قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا. بەغدا.

نوری علی امین ١٩٦٠ ڕێزمانی کوردی. سلەیمانی.

د. زەرێ یوسۆپوڤا. شێوەزاری سلەیمانی (د. کوردستان موکریانی لە زمانی ڕووسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی-دەستنووسە)

Курдоев К. К. 1957 Граматика Курдсково Яазыка. М – Л.

Эйюби К. Р. Смирнова И. А. 1968 Курдский Диалект Мукри. Л.







Chomsky N. 1975 The Logical Structure of Linguistic Theorys . New-York.

Model. Jan 1991 Grammatische Analys. Syntactische Verschiynselen van het Nederlands Nederlandsen Eugels. Dordrecht.

Houet, Henriette 1994 Grammatca Nederlauds. Utrecht.

Zonnenberg J. G. 1994 Grammatica Engels. Utrecht.

Zonneveld R. van 1994 kleine Syntaxis het Nederland. Dordrecht.


***

# پێرست


پێشەکی ..... 5
ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری ..... 8
ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کاری ..... 12
ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری ..... 15
ڕستەی شوێنکەتووی دیارخەری ..... 18
ڕستەی شوێنکەوتووی کاتی ..... 24
ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی ..... 31
ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج ..... 38
ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە ..... 45
ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانە ..... 52
ئەنجام ..... 59
ژێدەر ..... 63

# ڕێنووسی یەکگرتوو

تکا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە ڕێنووسی یەکگرتووی کوردییە و پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (دەنگدار). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٢- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٣- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

٤- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. ولات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).



بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar

• **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پیشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **رێنووس. رێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. راستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم**: پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم**: نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج**: ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم**: هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەرێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵلا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

**دەیەم**: ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە



بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج**: ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم**: جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم**: نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک – لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم**: گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١– ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەڕین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢– ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.



**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەنەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

## بەرهەمەکانی ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٤دا

(٢٢٢) سياسة التعريب في إقليم كُردستان العراق – دراسة وثائقية– إعداد: مجموعة من المؤلفين.

(٢٢٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.

(٢٢٤) الأمير الكُردي – مير محمد الرواندزي. تأليف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدين سيلاحشۆر

(٢٢٥) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.

(٢٢٦) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسڵح ئیروانی.

(٢٢٧) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: رەئووف حەسەن.

(٢٢٨) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەوێڵ کاکەیی.

(٢٢٩) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٠) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.

(٢٣١) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٢) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٣) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٤) الكُرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ألفه: باسيلي نيكيتين، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري طالباني.



(٢٣٥) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.

(٢٣٦) منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، تأليف: د. نوري طالباني.

(١٣٧) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠-٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.

(٢٣٨) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەمەدی مەلا کەریم

(٢٣٩) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.

(٢٤٠) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.

(٢٤١) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر رەسایی.

(٢٤٢) بارزانیی نەمر لە ..١ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.

(٢٤٣) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ.

(٢٤٤) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.

(٢٤٥) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە – کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.

(٢٤٦) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.

(٢٤٧) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.

(٢٤٨) ڕۆمیۆ و جوولێت – شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.

(٢٤٩) خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.

(٢٥٠) بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵڵا.

(٢٥١) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح رەنجدەر.

(٢٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی.

(٢٥٣) نڤیسار. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری. بەرگی یەکەم.

(٢٥٤) گەڵاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. نووسینی: بەختیار سەجادی.

(٢٥٥) نەتەوەخوازی. ئەنتۆنی دی سمیس. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی.

(٢٥٦) ئۆکتاڤیۆ پاز: بەردی سپی و ڕەش – سان ژۆن پێرس: ئاناباز. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر.

(٢٥٧) إحياء القلوب – شرح مولانا الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم شيخه محمود الكردي الخلوتي قدس الله روحهما ونور ضريحهما.

(٢٥٨) ستایش. شیعر: نەزەند بەگیخانی.

(٢٥٩) ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن. شیعری: حەمەسەعید حەسەن.

(٢٦٠) عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردیی. کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید). ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: کەمال ڕەئووف محەممەد

(٢٦١) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەممە. جزمی: ١

(٢٦٢) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەممە. جزمی: ٢

(٢٦٣) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەممە. جزمی: ٣

(٢٦٤) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الأول. جرجيس فتح الله.

(٢٦٥) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثاني. جرجيس فتح الله.

(٢٦٦) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثالث. جرجيس فتح الله.

(٢٦٧) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الرابع. جرجيس فتح الله.

(٢٦٨) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الخامس. جرجيس فتح الله.



(٢٦٩) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەممەد ئەمین هەورامانی. بەرگی یەکەم.

(٢٧٠) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەممەد ئەمین هەورامانی. بەرگی دووەم.

(٢٧١) کورد تورک عەرەب. سیسیل جۆن ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری.

(٢٧٢) ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار. ئەحمەد سالار.

(٢٧٣) سێ قوربانییەکە. عەبدولمونعیم غولامی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیحسان ئیروانی

(٢٧٤) ڕێچکەکانی برسێتی – ڕۆمان. جۆرج ئەمادۆ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیمەت کاکەیی.

(٢٧٥) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی دووەم.

(٢٧٦) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی سێیەم.

(٢٧٧) هەڵسانەوە. شیعر: سامی شۆڕش

(٢٧٨) جێگایەکی تر- کۆمەڵە چیرۆک. گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

(٢٧٩) دار تووە تەنیاکە- سێ نۆڤلێت. چنوور نامیق حەسەن.

(٢٨٠) ئاوێنە شکاو. بیرەوەریی هێدی "خالد ئاغای حیسامی".

(٢٨١) سێوی سوور. شیعر: هیوا قادر.

(٢٨٢) هێشووی عەشق. شیعر: مەهاباد قەرەداغی.

(٢٨٣) ئاشتیی کوردستان- ڕۆمان. نووسینی: محەممەد ساڵح سەعید.

(٢٨٤) بەتاو پێکدا دەبارین. شیعری: نیگار نادر.

(٢٨٥) عەرووزی کوردی. نوری فارس حەمەخان.

(٢٨٦) پوختەی مێژوونامە. حەمید گەردی.

(٢٨٧) سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ. د. کوردستان موکریانی.